Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.7

# ئاریشەکانی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Muhamad Qadr Muhamadamin
muhamad.qadr2016@gmail.com

RECEIVED :21 /12/2024
ACCEPTED :09/03/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**محمد قادر محمدامین/** پەیمانگای کۆمپیوتەری رانیە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەیمانگاکان، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

## پوختە

ئەم توێژەنەوەیە بە ناونیشانی (ئاریشەکانی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا)یە. هەوڵێکە بۆ خستەڕووی هەموو ئەو ئاریشانەی کە دێنە بەردەمی وەرگێڕ، لە پرۆسەی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکانی وەک (میتافۆر، ئیدیۆم، پەند)دا.

کێشەی توێژینەوەکە، لەسەر گریمانەی ئەوە بونیاتنراوە، کە ئایا وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، چۆن سەروکار لەگەڵ دەربڕاوە چەسپاوەکاندا بکات، چونکە وەرگێڕان هاوتاکردنی دەقی زمانی سەرچاوەیە بە زمانی ئامانج.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، لەگەڵ خستنەڕوو و دەستنیشانکردنی ئاریشە زمانی و نازمانییەکاندا، چارەسەری و ستراتیژییەکانیش بخاتەڕوو، وەک دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک لە پرۆسەی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا.

کەرەستەی توێژینەوەکە، لە چوارچێوەی زمانی کوردیی کرمانجیی ناوەڕاستدایە. نمونەو داتای توێژینەوەکەش لە فەرهەنگ و زمانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و هێنانەوەی بەڵگە و بەراوردکاری، پەنا براوەتە بەر نمونەی زمانەکانی وەک، ئینگلیزی، عەرەبی، یابانی و چینی.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئاریشەکانی وەرگێڕان تەنها لە ئاستی وشەدا نین، بەڵکو لە سەروی ئەوەش فرێز و ڕستە و دەربڕاوە چەسپاوەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها دوو زمان، هەتا لەڕوی خێزانە زمانییەوە لە یەکتر دوربن، ئاریشەکانیشیان زیاتر دەبن.

**وشە سەرەکییەکان:**
وەرگێڕان،
دەربڕاوە چەسپاوەکان،
ئاریشە،
چارەسەر

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

٠/ ١/ ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاریشەکانی وەرگێرانی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا)یە.

٠/ ٢/ کەرەستەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدایە. نموونە و داتای توێژینەوەکەش، لە فەرهەنگ و زمانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و بەراوردکاریی پەنا براوەتە بەر نموونەی زمانەکانی دیکەی وەک، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، یابانی و چینی.

٠/ ٣/ ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی سەرەکیی توێژینەوەکە، بریتییە لە ڕێبازی وەسفیی شیکاری، سەرەڕای ئەوەش لە هەندێک شوێنی توێژینەوەکە لەبەر پێویستی پەنا براوەتە بەر، ڕێبازی بەراوردکاری و مێژوویی.

٠/ ٤/ کێشە و گریمانەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەسەر گریمانەی ئەوە بونیاتنراوە، کە ئایا وەرگێر لە پرۆسەی وەرگێڕاندا چۆن مامەڵە و سەروکار لەگەڵ دەربڕاوە چەسپاوەکاندا بکات، چونکە لە پرۆسەکەدا هەندێک ئاریشە دێنە بەردەمی وەرگێڕ، کە زۆرجار وەرگێران توشی سنورداریتیی و ئاریشەو بەربەست دەکات .

٠/ ٥/ ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، هەموو ئەو ستراتیژ و چارەسەرییانە بخاتەڕوو، کە پێویستە وەرگێڕ لە پرۆسەکەدا پەیڕەویان بکات، وەک ڕێگەیەک بۆ وەرگێڕانێکی زانستی و بێکەموکوڕی و گەیاندنی پەیامی دەقەکە وەک خۆی .

٠/ ٦/ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (چەمک و چەشنەکانی وەرگێڕان)ە، و چەند باسێک لەخۆدەگرێت. لەوانە: چەمک و پێناسەی وەرگێڕان، چەشنەکانی وەرگێڕان، وەرگێڕان بەپێی یەکە زمانییەکان، وەرگێڕان بەپێی سنوری زمان، وەرگێڕان بەپێی جۆری دەق، وەرگێڕان بەپێی شێوازی دەربڕین، وەرگێڕان بەپێی جۆری وەرگێڕ. بەشی دووەم، بە ناونیشانی (دەربڕاوە چەسپاوەکان و ئاریشەکانی وەرگێڕان)ە، و چەند باسێک لەخۆدەگرێت. لەوانە: دەربڕاوە چەسپاوەکان و چەمک و پێناسە، میتافۆر، ئیدیۆم، پەند، ئاریشەکانی وەرگێرانی دەربڕاوە چەسپاوەکان، ئاریشە زمانییەکان، ئاریشەی دەنگسازی، ئاریشەی لێکسیکی/ فەرهەنگی، ئاریشەی ڕێزمانی، ئاریشە نازمانییەکان، ئاریشەی ئایینی، ئاریشەی کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئاریشەی مێژویی، ستراتیژ و چارەسەرییەکانی وەرگێڕان، توانستی زمانی، شارەزایی کولتووری و مێژوویی، شارەزایی لە دەربڕاوە چەسپاوەکانی هەردو زماندا، لێکدانەوە، داڕشتنەوە، سڕینەوە.

## ١/ چەمک و چەشنەکانی وەرگێڕان

وەرگێڕان، وەک لقێکی زانستی زمان، دەچێتە چوارچێوەی لقی زمانەوانیی کارەکییەوە "Applied linguistics" (Crystal, 2008, 31)، چونکە چالاکی و پرۆسەیەکی کردەیی زمانە، بۆیە بۆ پێڕەوکردن و ئەنجامدانی هەر کردەیەکی وەرگێڕان، پێویستی بە ستراتیژ و پلانی پێشوەختە هەیە، ئەمەش لە ئاریشەو گرفت بەدەرنییە ، کە لەکاتی وەرگێڕاندا دێنە بەردەمی وەرگێڕ؛ بەڵام بەرلەوە پێویستە بزانین چەمکی وەرگێڕان چییە؟ لەپاشان پێناسەکانی وەرگێڕان بزانین، ئینجا چەشنەکانی وەرگێڕان و ئەو پۆلێنانەی کە بۆ وەرگێڕان کراون بزانرێن، لەپاشان دەتوانین ئاریشەو ستراتیژ و چارەسەرییەکان دەستنیشان بکەین .

### ١/ ١/ چەمک و پێناسەی وەرگێڕان

چەمکی وەرگێڕان، وەک زاراوە لە بەرانبەر "Translation"ی، زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، کە (وەرگێڕانناسیی "Translatology" لە زمانەوانیی کارەکیدا، لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکات؛ لە شێوەی هەردووک پرۆسەی وەرگێڕانی زارەکی بە واتای تەسک و وەرگیرانی دەقی نوسراودا. (هەمان سەرچاوە, ٤٩٤). چەمکی وەرگێڕان، ئاماژەیە بە پرۆسەی گواستنەوەی واتای دەقێک، یان گوتارێک لە زمانی سەرچاوەوە "Source

language” بۆ زمانی ئامانج “Target language” و گەیاندنی پەیامی دەقە وەک خۆی. بۆ ئەوەش (وەرگێڕ، یان هەر تیۆرێکی وەرگێڕان، دەبێت پشت بە تیۆرێکی زمانی ببەستێت.) (Catford, 1965, 1) ، بۆئەوەی دەرئەنجامێکی زانستیی وردی هەبێت، بۆیە ((تیۆری وەرگێڕان، دەبێت بە تیۆری شێوازی وەرگێڕان کۆتایی بێت، ئەویش کرداری وەرگێڕانی لێ بکەوێتەوە.)) (ئۆستینۆف،٢٠١٧، ٩٣).

"نیدا" دەڵێت: ((وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوواتا بۆ ئەو زمانەی کە وەرگێڕانی پێ دەکرێت.)) (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٨)، ئەمەش ئەرکێکی قورس و ئاڵۆز بۆ وەرگێڕ دەهێنێتە ئاراوە، چونکە دۆزینەوەی هاوواتای تەواو، تەنانەت لەنێو زمانی سەرچاوەشدا ئەستەمە، چونکە (هاوواتای تەواو لە زماندا هەر لە زووەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵکوو ئەوەی هەیە، لێکچونی واتاییە.) (محمدامین، ٢٠٢١، ٢٧)، بۆیە ئەوەی کە لەلای (("سەففەوی" وەرگێڕانی دەقێک لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆسەر زمانی ئامانج، بێئەوەی فۆرم و واتاکەی دەستکاری بکریت؛)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ٤)، ئەستەمە، ئەوەش بەهۆی جیاوازیی نێوان زمانەکانە، لەڕووی یەکە زمانییەکان، یاسا زمانییەکان، کولتوور و فەرهەنگە جیاوازەکان.

ئامانج لە وەرگێڕان، گواستنەوەی واتای دەقە بۆ زمانی ئامانج، لەم بارەیەوە (("نیومارک" دەڵێت: وەرگێڕان بۆ سەر زمانی زگماکی تاقە ڕێگەیەکە بۆ وەرگێڕانی ڕەوان و ورد و پێکهێنانی زۆرترین کاریگەری.)) (ڕەشید، کریم، ٢٠٢١، ٥٣٧)، چونکە وەرگێڕ توانستی زمانی و فەرهەنگی ئاوەزی زگماکی دامەزراوتر و دەوڵەمەندترە، توانا و هەژمونی بەسەریدا زاڵترە؛ ئەگەر وا نەبێت، ئەوا ((دەقی وەرگێڕدراو لەچاو دەقی سەرەکیدا، بەهایەکی کەمتری هەیە.)) (ئۆستینۆف،٢٠١٧، ٦٢)؛ چونکە ((وەرگێڕانی باش، ئەو وەرگێڕانەیە، کە لە وەرگێڕان نەچێت.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٣٣). واتە وشە و دەستەواژەکان بەجۆرێک دابڕێژرێنەوە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا، هیچ نامۆیی و نەشازییەک هەست پێ نەکات؛ لەبەرئەوەی وەرگێڕانی باش، بریتییە لە ((گواستنەوەی مانا و شێواز و ستایل و ڕوح و تۆنی دەقێک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست.)) (دبیان، ٢٠١١، ١٨)، بۆیە دەگوترێت، ((باشترین وەرگێڕان ئەوەیە زۆر لە دەقەکەوە نزیک بێت و یەکسەر لە زمانی زگماکەوە کرابێت و وەرگێڕەکە ئاگاداری هەردوو زمان بێت.)) (گەردی، ١٩٨٧، ٨٤). واتە، وەرگێڕانێک ڕاستەوخۆ لە زمانی سەرچاوەوە وەربگێڕدرێت، کامڵتر و کاریگەرترە، ئەمە بێجگە لەوەی وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە یاسا زمانی و کولتوور و مێژووی هەردووک زمان هەبێت، ئەنجامەکەی زانستییانە و بابەتیانەتر دەبێت. لەبەر ئەوەی، تا ((بەرهەمەکە زیاتر ئەم زمان و ئەو زمانی پێ بکرێت، پتر دەشێوێت و بەهای زانستیی دەقەکە کەمتر دەبێتەوە و نرخی ئەدەبی دەدۆڕێنێ، تا لە ئاکامدا وای لێدێت، ناناسرێتەوە.)) (هەمان سەرچاوە، ٨٤).

لەلایەکی دیکەوە، وەرگێڕان ((پردی پەیوەندییە، پردی ئاشنابوونە بە فەرهەنگ، ئەدەب، فەلسەفە، مەعریفە، تەکنەلۆژیا.)) (ئۆستینۆف، ٢٠١٧، ٩)، و دەروازەی گواستنەوەی کۆزانیاری/ مەعریفەی گەلانە، شارەزابوونە لە کولتوور و تیۆرە نوێیەکان؛ چونکە ئەوەی لە وەرگێڕانەوە دەستمان دەکەوێت، لەوانەیە نەتوانین بە ڕێگەی دیکە دەستمان پێی ڕابگات، چونکە ((مرۆڤ سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و حەزی لە پەیوەندیکرنە، بەتایبەتی لەکاتی کۆچ و گەشتکردن، یان بە ئامانجی جیاجیای وەک: بازرگانی و ڕۆشنبیری و ئایینی...هتد.)) (قەرەداغی، ٢٠٢٢، ٣٠٤). بۆئەوەش زۆرجار پەنای بۆ وەرگێڕان بردووە، چونکە ئەوە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی دەست پێ ڕاگەیشتن.

وەرگێڕان گواستنەوەی واتای دەقێک، یان بیرێکی زمانی سەرچاوەیە بۆ زمانی ئامانج، بەمەرجێک ڕەچاوی پاراستنی ڕەسەنایەتی، ناوەرۆک، شێوازو کولتووری زمانی سەرچاوە بکات و بیگوازێتەوە بۆ زمانی ئامانج، ئەوەش پێویستی بە شارەزایی و لێهاتویی وەرگێڕەوە هەیە، لە بوارەکانی زانینی بنەماکانی هەردووک زمان، لە بواری فەرهەنگ، کولتوور و یاسا زمانییەکان، بۆئەوەی زاڵبێت بەسەر ئەو ئاریشانەی کە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دێنە ڕێگەی.

### ١/ ٢/ چەشنەکانی وەرگێڕان

زمانەوانان، لەسەر چەند بنەمایەک چەشنەکانی وەرگێڕانیان پۆلێن کردووە، باوترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن.

### ١/ ٢/ ١/ وەرگێڕان بەپێی یەکە زمانییەکان

یەکێکە لە چەشنەکانی وەرگێڕان، کە "کاتفۆرد" ئاماژەی پێ کردوە، بەپێی یەکە زمانییەکان، جۆرەکانی دەستنیشان کردوون، وەک:

ئـ- وەرگێڕانی مۆرفیمی

بـ- وەرگێڕانی وشە بە وشە

پـ- وەرگێڕانی کۆمەڵەوشە "Collocation"

تـ- وەرگێڕانی ڕستەیی

جـ- وەرگێڕانی ئیدیۆمی

دـ- وەرگێڕانی ئازاد/ واتایی (Catford, 1965, 25).

### ١/ ٢/ ٢/ وەرگێڕان بەپێی سنوری زمان

"ڕۆمان جاکۆبسن" بە تێڕوانینی جیاوازەوە سێ جۆر دەستنیشان دەکات، وەک:

ئـ- وەرگێڕان لەنێو یەک زماندا: بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕستەیەک، دەقێک، یان دەربڕاوێکی چەسپاوی نێو هەمان زمان، چونکە هەندێک یەکەی زمانی پێویستییان بە شیکردنەوە لە هەمان زماندا هەیە؛ یان زۆرجار دەقێک بە زارێک نوسراوە، وەردەگێڕدرێت بۆ زارێکی دیکەی هەمان زمان، وەک وەرگێڕان لەنێوان زاری کرمانجیی ژورو و ناوەڕاستدا.

بـ- وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە: واتە، دەقەکە لە بنەڕەتدا بە زمانێک نوسراوە، لەپاشان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئامانج .

پـ- وەرگێڕانی هێمایی: وەرگێڕانی هێما نازمانییەکانە، وەک زمانی جەستە، مۆسیقا، شانۆ... هتد. (مستەفا: ٢٠٠٩: ٨٣)، (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٣٧)، (ئۆستینۆف، ٢٠١٧، ٣٦).

### ١/ ٢/ ٣/ وەرگێڕان بەپێی جۆری دەق

ئەمەش بەپێی تایبەتمەندیی و پسپۆڕی دەقەکە، دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، وەک:

ئـ- وەرگێڕانی دەقی وێژەیی

بـ- وەرگێڕانی دەقی زانستی (عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ٨).

### ١/ ٢/ ٤/ وەرگێڕان بەپێی شێوازی دەربڕین

ئەوانیش وەک:

ئـ- وەرگێڕنی زارەکی/ خێرا

بـ- وەرگێڕان بە نوسین

### ١/ ٢/ ٥/ وەرگێڕان بەپێی جۆری وەرگێڕ

ئەویش دەکرێت، بە دوو جۆر، وەک:

ئـ- وەرگیڕانی مرۆیی "Human translation" واتە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بەبێ بەکارهێنانی ئامێر.

بـ- وەرگیڕانی ئامێری "Machine translation" چەشنێکی مۆدێرنی وەرگێڕانە، هەرچەندە سەبارەت بە مێژووی ئەم چەشنە بیرورای جیاواز هەن، کە دەیگێڕنەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم، هەرچەندە لەگەڵ پەرەپێدان و داهێنانی زانستی کۆمپیوتەردا، لە سەدەی بیست-دا، زیاتر گەشەی سەندووە. مرۆڤ بە پشتبەستن بە ئامێرە زیرەکەکان لە ڕێگەی بەرنامە/ ئەپی جیاوازەوە، سود لەم جۆرەی وەرگێڕان وەردەگرێت. (Schwartz, 2016, 2-4) .

بێگومان، ئەمانە و چەند چەشنێکی دیکەی وەرگێڕان لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، ئەمەش لەبەر گرنگیی پرۆسەی وەرگێڕان و ئاڵۆزی و هەمەچەشنی یەکەکانی زمانە، کە پێویستی بە چەندین شێواز و ڕێگا هەیە، بۆئەوەی وەرگێڕ جڵەو/ کۆنترۆڵی هەموو ئەو ئاریشانە بکات، کە لە پرۆسەکەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە

### ٢/ دەربڕاوە چەسپاوەکان و ئاریشەکانی وەرگێڕان

لە تەوەری یەکەمی ئەم بەشەدا، چەمک و پێناسەی دەربڕاوە چەسپاوەکان دەخرێنەڕووو، لەپاشاندا لە تەوەرەکانی دیکەدا هەندێک لەو دەربڕاوانەی وەک، "میتافۆر، ئیدیۆم، پەند" شی دەکرێنەوە و نموونەی پێویستیان بۆ دەهێنرێتەوە. لە تەوەرەکانی تردا ئەو ئاریشانەی کە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا توشی وەرگێڕ دەبن دەخرێنەڕوو، ئینجا ئەو چارەسەری و ستراتیژییانە ئاماژەیان پێدەکرێت، کە وەرگێڕەکان دەتوانن وەک ڕێگەیەک پشتیان پێ ببەستن، بۆئەوەی بتوانن بەرهەمێک پێشکەشبکەن، بابەتییانە و زانستییانە بێت.

### ٢/ ١/ دەربڕاوە چەسپاوەکان و چەمک و پێناسە

دەربڕاوە چەسپاوەکان"Fixed expressions" ، گەنجینە و سەرمایەیەکی گەورەی فەرهەنگی نەتەوەیەکن. قسەپێکەرانی لە ئەنجامی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر بەکاریان دەهێنن. ئەوانەش لە ئەنجامی ئەزمون و کولتووری هەرنەتەوەیەک بەرهەم دێن؛ بەمەش مرۆڤ، بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچون و ئەندیشەی خۆی لە پرۆسەی ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنێت، ئەوەش دەرخەری ئاوەزمەندیی و گەنجی ئاخێوەران لە پرۆسەی ئاخاوتندا نیشان دەدات، بۆیە ((زمانەوانان لە پۆلکردنی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا هاوڕانین. هەرچەندە زۆرێکیان لەسەر بنەمای "Cohesion" دەربڕاوە چەسپاوەکان دەکەن بە چەند جۆرێکی جیاوازەوە، بەڵام هەریەکەیان بەجیا و لەژێر زاراوەیەکی زانستیدا کۆیکردونەتەوە، بۆ نموونە "Wouden" لە ساڵی ١٩٩٢، زاراوەی"Collocation" ی، بۆ دەربڕاوە چەسپاوەکان بەکارهێناوە.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٥٦).

هەندێک زمانەوان پێیان وایە، (هەریەکە لە ئیدیۆمەکان و پەندەکان دەچنە چوارچێوەی دەربڕاوە چەسپاوەکان، کە لەژێر ناوی کۆمەڵەوشە"Collocation" ، یان فریزیۆلۆجی "Phraseology" پۆلێنیان دەکەن. ئەوانەش وەک دانەی فەرهەنگی زمان جێگیردەبن و لە چێوەی زمانەوانیی کارەکی لێیان دەکۆڵرێتەوە.) (Christopher, 2011, 1 ، ) هەرچەندە بەگوێرەی هەندێک بۆچون ((زاراوەی >>فریزیۆلۆجی<< بەشێوەیەکی سەرەکی دەستنیشانکردن و پەسندکرن و پۆلێنکردنی گشت ئیدیۆمەکان دەگرێتەوە.)) (مەحوی، ٢٠١٠، ٢٢١)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەربڕاوە چەسپاوەکان، هەریەکە لە میتافۆر، ئیدیۆم، پەندو ...هتد، دەگرێتەوە، چونکە لەڕووی پێکهاتنەوە، پلەی چەسپاوی و جێگیرییان بە بەراورد بە یەکەکانی دیکەی زمان، زیاترە، لەبەرئەوەی ئەمانە (کەمتر ڕێگە بە گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکانی وەک، شکانەوە و فراوانکردن دەدەن، چەسپاوی، یەکگرتویی و داخراوی لە ناوەرۆک و پێکهاتەیاندا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یەکانە.) (محمدامین، ٢٠٢٤، ٨٦٠). بڕوانە نموونەی ئیدیۆمی لە (١)دا:

١- ئ- پاییزەبرا

ب- پاییزێکی برا*

پ- پاییزەکەی برا*

ئەم چەسپاوی و قالبەستوییەش وای کردووە، واتای میتافۆرییان دەرکەوتوتربێت و بێنە نێو فەرهەنگ و (لە سنوری سینتاکس دەربچن و لە لێکسیکۆلۆجی/ فەرهەنگسازیدا، لێیان بکۆڵرێتەوە.) (حاجی مارف، ١٩٧٥، ١٧). هەرچەندە ئەوە بەشێوەیەکی ڕەها نییە، بەڵکوو لە هەندێک دەوروبەردا، هێنانە ناوە و تێئاخنین ڕێگەی پێ دەدرێت، واتە دەگونجێت هەندێک گۆڕان لە پێکهاتەیاندا ڕووبدات؛ لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانە جیاوازەکان، واتا فەرهەنگی و میتافۆرییەکەیان نیشان دەدات، کە دەکرێت (وەک فریزی ئاسایی دەربکەون، یان لەشێوەی دەربڕاوی چەسپاودابن، ئەمەش پەیوەندی بە بەکارهێنانەوە هەیە، لە ڕستەو دەوروبەردا دەردەکەوێت. (Christopher, 2011, 2) ، بۆ ڕوونکرنەوە بڕوانە نموونەی (سەری گەورە) لە (٢)دا:

٢- ئ- ئازاد، هەر لە زگماکدا، سەری گەورەیە. (واتای فەرهەنگی)

ب- ئازاد، سەری گەورەی بنەماڵەکەیانە. (واتای میتافۆری)

فریزی (سەری گەورە) لە نموونەی (٢- ئ)دا، بە واتای فەرهەنگی بەکارهاتووە، هەڵگری سیما واتاییەکانی [+ئەندامی

جەستە +قەبارە +گەورە +فەرهەنگی ...هتد]یە، بەڵام لە نموونەی (٢- ب)دا، بەکارهێنانێکی میتافۆری هەیە و هەڵگری سیما واتاییەکانی [+کەسایەتی +ڕێز +پلەوپایە +میتافۆر...هتد]ی، هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، فرێزی ئاسایی، یان دەربڕاوە ئاساییەکانی زمان، لە کاتی ئاخاوتندا، بەشێوەیەکی ئاسایی بەرهەم دێن و دەردەبڕدرێن، هەرچی ئەم جۆرەشە (دەربڕاوە چەسپاوەکان)ە، (لە کاتی ئاخاوتندا بەرهەم نایەن، بەڵکوو دانەی جێگیر و چەسپاوی پێشتر ئامادەکراون، لە هەندێک بۆنە و گفتوگۆدا بە مەبەست و مەرامی جیاواز دەردەبڕدرێن.) (حاجی مارف، ١٩٧٥، ٥٨) ئەمەش ئەوە دەردەخات، (بەهۆی یەکگرتویی پێکهاتەکانیانەوە بونەتە فرێز، لەدوای ئەوەی بە قۆناغی پێکهاتەی سینتاکسیدا تێپەڕبون، دروستەکانیان بە هەمان فۆرمەوە چونەتە نێو فەرهەنگ و بونەتە لێکسیم/ دانەی فەرهەنگی.) (سازان زاهیر: ٢٠١٩: ٤٠)، بۆیە دەکرێت بگوترێت، (هەرچەندە ئەم دەربڕاوانە، پێکهاتەیەکی سینتاکسییان هەیە، بەڵام بە بەراورد بە فرێزی ئاسایی پلەیەکی چەسپیویان هەیە، هەرچەندە پێکهاتەکانیشیان وەک یەکتربن، بەڵام لەبەر پێویستیی زمان، وەک تاکە لێکسیمێک بەشێوەی فرێزی چەسپاو، دەربکەون؛ کە ئەوەش وەک پرۆسەی بەلێکسیمبون سەیر دەکرێت.) (محمدامین، ٢٠٢٤، ٨٥٥). پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لەڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن، واتە مەرج نییە لە شێوەی فرێز، یان کۆمەڵەوشەدا دەربکەون، بەڵکوو دەگونجێت لەشێوەی ڕستەدا بن، وەک بەشێک لە پەندەکان و ئیدیۆمەکان، یان لە ئەنجامی پرۆسەی مۆرفۆلۆجی بەرهەم هاتبن، لەشێوەی وشەی ناسادەدا.

دەگونجێت بگوترێت، دەربڕاوە چەساوەکان کۆمەڵێک قسە و دەربڕاوی ئامادەن، کە ڕۆژانە قسەپێکەرانی زمان، بۆ ڕازیکردنی بەرانبەرەکانیان، لە گفتوگۆکانیاندا بەکاریان دەهێنن؛ هەروەها پلەیەکی چەسپیوو جێگیریان هەیە، دانەی بەلێکسیمبوی نێو زمانن و بە سەرمایەی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن. ئەوانیش بەپێی جیاوازیی نەتەوە و فەرهەنگی گەلان و کولتوورە جیاوەزەکان، بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندان، چونکە بەردەوامی و ئەزموون و ئاڵوگۆڕی قسە و گەشەسەندنی پەیوەندییەکان، ئەمانە بەرهەم دەهێنن، ئەوانیش بریتین لە (میتافۆر، ئیدیۆم، پەند ...هتد)ەکان، کە زۆرجار لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، بۆ وەرگێڕ دەبن بە ئاریشە.

### ٢/ ١/ ١/ میتافۆر"Metaphor"

میتافۆر، لەبەر گرنگییەکەی چەندین پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە. دوو هەڵویستی سەرەکی لەسەر ڕۆڵی میتافۆر، هەیە؛ (یەکەمیان، پێی دەگوترێت ڕوانگەی کلاسیک و بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە. سەرەتا وەک چالاکییەکی ڕەوانبێژی لەلایەن "ئەرستۆ"وە، ناسێنراوە، لەبەرئەوەی بووبوو بە کەرەستەی سەرەکی شیعر، کە شاعیران پەنایان بۆ بردووە.) .(Finch, 2005, 161). دووەم، لەبەرئەوەی میتافۆر، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بەبێ ئەوەی فۆرمێکی نوێ دروست بکەین، بەهۆی هەمان کەرەستەوە واتایەکی نوێی لێ باردەکرێت، واتە هەمان پێکهاتە واتایەکی نوێ دەردەبڕێت. ((بەم چەشنەش لە ڕوانگەی میتافۆرییەوە، فۆرمی وشە وەک دەفرێکە، کە دەکرێت واتای جۆراوجۆری تێبکەین، بێئەوەی کە گۆڕینی دەفرەکە پێویستبێت.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ٦١)، ئەوەش بەهۆی (سنورداریتی وشەوە دروستدەبێت، وشە لە ڕووی ژمارەوە لە هەموو زمانێکدا، سنوری هەیە و لە بن دێت، بەپێچەوانەی واتاوە، کە هەرگیز کۆتایی نایەت. ئەم ڕاستییەش وای لە میللەتان کردووە، هەندێ وشە لە زمانەکەیاندا، بۆ دوو واتا، یان پتر بەکاربهێنن.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ١٤)، هەر لەبەر ئەم گرنگییەشی ((زمانەوانەکان لە سنوری سیمانتیکدا لە بواری وێژەوە، کشاندییان بۆ بواری ئاخاوتن و لەسەر بنەمای لێکچواندن، میتافۆریان ناساند.)) (ئەحمەدو ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٣٢٩- ٣٣٠)، چونکە ((دیاردەیەکی زمانی بڵاوە، لە زۆر شێوەی گەیاندنی زمانیدا دەبینرێت.)) (قادر: ٢٠٠٠: ٨)، وەک، گفتوگۆی ڕۆژانە، وتار، ڕاگەیاندن و ...هتد؛ نیشاندەدات و دیاریکردنی واتای میتافۆری بەبێ دەوروبەر پێشبینی ناکرێت، بەکارهێنان سەنگی مەحەکە، چونکە یەکە میتافۆرییەکان، چ یەکەی ئاستی مۆرفۆلۆجی، یان سینتاکسی (وشە، فرێز) بن، تا نەچنە چوارچێوەی دەوروبەر، هەڵگری سیما/ واتای فەرهەنگین، بەڵام لەپاش بەکارهێنان، بەگوێرەی ئەو دەروبەرەی تێیدابەکارهاتووە، واتای ئەو یەکەیەمان دەست دەکەوێت. بە واتایەکی دیکە، ((میتافۆر، ئەو وشە و

دەربڕینانەن، بە واتای فەرهەنگییان بەکارناهێنرێن و دەبنە ئاماژە بۆ واتا و مەبەستی خوازراو، ئەوەش بە دیاریکرن و سڕینەوە و بەر ڕوناکیدانی سیما واتاییەکان دەبێت.)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٧٠)، واتە بەکارهێنانی دەربڕاوێک، بۆ گەیاندنی واتایەک، بێجگە لە واتا فەرهەنگییەکەی. بۆ ڕوونکرنەوە، بڕوانە کرداری (فڕی) لە نموونەی (٣)دا:

٣- ئ- کۆترەکە، فڕی. (بەکارهێنانی فەرهەنگی)

ب- دۆلار، فڕی. (بەکارهێنانی میتافۆڕی)

بە سەرنجدان لە نموونەکان، دەردەکەوێت، کە لە نموونەی (٣- ئ)دا، (فڕی) بەکارهێنانێکی فەرهەنگی هەیە و هەڵگری سیما واتاییەکانی [+باڵندە +باڵ + فڕین +بەرزبونەوە...]یە، بەڵام لە نموونەی (٣- ب)دا، وەک میتافۆڕ بەکارهاتووە و هەڵگری سیما واتاییەکانی [-باڵندە -باڵ -فڕین +پارە +نرخ +بەرزبونەوە...]یە. ئەوەی ئەم پەیوەندییەی دروست کردووە، سڕینەوەی هەندێک سیما و هاوبەشی هەندێکی ترە، ئەوەش واتە، (لە کێڵگەی واتایی گیاندار/ باڵندەوە، گواستراوەتەوە بۆ کێڵگەی واتایی بێگیان.) (Finch, 2005, 161) سیمای هاوبەشیش لەنێوان هەردوک بەکارهێناندا، سیمای [+بەرزبونەوە]یە، بەڵام لە هەندێک باردا، دەربڕینی میتافۆڕی زۆر لە واتا فەرهەنگییەکەی دورناکەوێتەوە، تەنها دەبێتەهۆی دەرخستنی هەندێک سیمای واتایی و سڕینەوەی هەندێکی دیکەیان، ئەوەش واتای میتافۆڕی دینێتەکایەوە، هەربۆیە واتای میتافۆڕی ((ئەوەندە لێڵ نییە، کە تێگەیشتن لێی گران بێت، یان پێویستیمان بە فەرهەنگ بێت بۆ لێکدانەوەی.)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٧٣).

درککردن بە واتای میتافۆڕی لەلای ئاخێوەران، هێندە سەخت نییە، چونکە دەربڕاوەکە تەواوی سیما واتاییەکانی لە دەست نەداوە؛ ئەمە بێجگە لەوەش بەگوێرەی کولتوور و فەرهەنگی کوردی لە ئاوەزمەندیی قسەکەراندا بە هەردووک بەکارهێنانەوە چەسپاوە.

لەلایەکی دیکەوە، ((لە دوای بانگەشەکردنی بنەماکانی هاریکاریی "گرایس- ١٩٧٥" گۆڕانکاری بەسەردا هات، لەو ڕووەشەوە میتافۆڕ وەک لادان و بەزاندنی بنەماکانی گرایس لێکدرایەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، میتافۆڕ تەنها لەسەر ئاستی سیمانتیک چڕنەکراوەتەوە، بەڵکوو وەک بابەتێکی پراگماتیکیش لێیکۆڵراوەتەوە.)) (ئەحمەدو ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٣٣٠)، چونکە لێکدانەوە میتافۆڕییەکەی زیاتر بەلای پراگماتیکدا دەشکێتەوە. بڕوانە نموونەی (٤)و بەکارهێنانە میتافۆڕییەکەیان:

٤- دڵی شکا، ڕووی ڕەشبوو، کاتی کوشت

لە سەرێکی دیکەوە، (بەپێی تیۆری کولتووری کۆمەڵایەتی ڤیگۆتسکی "Sociocultural theory- Vygotsky" بە مەبەستی فێربوون و فێرکردن، مامۆستایان وەک ڕێگەیەکی نێوەندگیر، لە پرۆسەی فێرکردندا لەڕێگەی بەکارهێنانی میتافۆڕەکان لە پرۆسەی نوسیندا، هەوڵی ئەوە دەدەن فێرخوازەکانیان ڕابهێنن، لەسەر بەکارهێنانی چەمکی میتافۆڕی، چونکە پەیوەستە بە نێوەندگیریی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەروونی، لە بواری پراکتیک و ڕاهێناندا، چونکە میتافۆڕەکان ئامرازێکی نایاب و گرنگن بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لە سروشت و ئەزموون کرندا، سەرەڕای ئاڵۆزییان هۆکارن بۆ تێگەیشتن و گەشەکرنی لایەنی کۆزانیاریی/ مەعریفیی فێرخوازان.) (Bartels, 2005, 79- 80).

میتافۆر ئەو دەربڕاوە چەسپاوانەن لە زماندا، بێجگە لە واتا فەرهەنگییەکەیان، هەڵگری واتایەکی ترن، کە بە واتای بارکراو، یان توێکڵەواتا ناسراون، چونکە دەربڕاوەکە لە بەکارهێنانی میتافۆڕیدا کێڵگەی واتایی و بەشێک لە سیما واتاییەکانی بۆ کێڵگەیەکی تری واتایی دەگوازێتەوە، هەروەها هۆکارێکی گرنگن بۆ دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگ، چونکە بەهۆی فرەواتاییەوە دەچنە نێو زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانەوە و کەلێنێکی فەرهەنگی پڕ دەکەنەوە.

### ٢/ ١/ ٢/ ئیدیۆم "Idiom"

چەشنێکی دیکەی دەربڕاوە چەسپاوەکان، ئیدیۆمەکانن، کە لە گفتوگۆی ڕۆژانەی ئاخێوەراندا بەکاردەهێنرێن. ئەمانەش بە تەنها بەرهەمی تاکەس نین، بەڵکوو گەنجینە/ فەرهەنگی نەتەوەیەکن؛ کە بریتین لەو (تێکەڵی و تێکچڕژاوییەی، کە بەئاسایی لە دوو وشە، یان زیادتر پێک دێن. واتای ئیدیۆمەکە لە واتای یەکە یەکەی پێکهێنەرەکانییەوە دەستناکەوێت.)

(فتاح، ١٩٨٦، ٦٨)، چونکە واتای پێکهێنەرەکانیان هەندێکجار واتای پێویست دەرنابڕن، هەروەها (حاجی مارف، ١٩٧٥، ٥٧) لەژێر ناوی فریزی گیراودا، دەڵێ: ((لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا، واتای تایبەتی پەیدا دەبێ، بەم جۆرانە دەڵێن فریزیۆلۆجی.))

واتە، ئیدیۆم یەکەیەکی نادەیە، کە دەکرێت لە شێوەی فۆرمی وشەی نادە، فریز، یان ڕستەدابێت، واتایەکی لێڵی هەیە، کە لە ناوەڕۆکە واتایەکەی بەئاسانی تێناگەین، لەبەرئەوەی (گرووپێک یەکەن واتایان جیاوازە، لە واتای یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە.)(http://www.oxfordlearnersidictionaries.com) ، چونکە ناتوانرێت واتایان لە واتای فەرهەنگییانەوە دەستبکەوێت؛ بۆیە (سیفەتی سەرەکی ئیدیۆم لێڵی واتاییەتی، چونکە ماناکەی نادارشتەییە، بەهۆی فەرهەنگەوە نەبێت، تێگەیشتن لێی هەروا ئاسان نییە، هەروەها سەرچاوەی سەرەکی ئیدیۆمەکان میتافۆرەکانن.) (حسەین، ٢٠٠٩، ٧٠- ٧٣)، بەڵام ((جیاوازییەکی تاڕادەیەک گونجاو لەنێوان واتای میتافۆڕی و ئیدیۆمیدا ئەوەیە، واتای میتافۆڕی زۆر لێڵ و تەموژاوی نییە، دەکرێت مرۆڤ یەکەمجاری بێت ببیستێت، بەهۆی چوارچێوەی باری وتنەوە واتاکەی بزانێت، هەرچی ئیدیۆمە تەمومژاوی و لێڵە، لێکدانەوەی ئاسان نییە.)) (ئەحمەد، ٢٠١٨، ٤٢)، چونکە پەیوەندی بە دەوروبەر و کولتووری قسەپێکەرانەوە هەیە، کە لەوانەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و چوارچێوەی بەکارهێنانەوە هەبێت. واتە سەرەڕای ئەوەی میتافۆڕ لە بەکارهێنانی خوازەیی یەکەکانەوە پەیدابووە، بە بەراورد بە ئیدیۆم، هێشتا تێگەیشتن لێی ئاسانترە. بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە نموونەکانی (٥، ٦):

٥- ئازاد، دەڵێی ڕێوییە. (میتافۆڕ)

٦- ئازاد، ئاگری بن کایە. (ئیدیۆم)

لەسەرێکی دیکەوە، ئیدیۆمەکان لە ڕووی چەقبەستوویی و لێڵییەوە تەواو وەک یەکترنین، هەتا پلەی بەقاڵبویی و چەسپاوییان لە ڕووی سینتاکسییەوە زیاتربێت، ئەوا لە ڕووی سیمانتیکیشەوە لێڵترن؛ بۆ ئەم مەبەستەش "Fraser" (بەپێی چەند پێوەرێک، بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشیکردون، ئاستی تەواو چەسپاو و جێگیر، کە ڕێگە بە گۆڕان و گوێزانەوەکان نادات، واتە وەک یەکەیەکی تەواو بەلێکسیمبوی نیو فەرهەنگ سەیر دەکرێن، هەشیانە تاڕادەیەک بواری گوێزانەوەو تێئاخنینە سینتاکییەکان، دەدات.) (Baker, 1992, 63) ، ئەوەش پەیوەندی بە پرۆسەی بەلێکسیمبونەوە هەیە. بڕوانە نموونەکانی (٧، ٨):

٧- ئـ- ئەم ماستە، بێ موو نییە .

ب- ئەم دۆیە، بێ موو نییە.* (تەواو چەسپاو، ڕێگە بە گۆڕانکاری نادات.)

٨- ئـ- کەشتییەکەی، نقومبووە.

ب- پاپۆڕەکەی، نقومبووە. (تاڕادەیەک، ڕێگە بە گۆڕانکارییەکان دەدات.)

ئەمە وە نەبێت، تەنها پەیوەستبێت بە زمانی کوردییەوە، بەڵکوو لە زمانەکانی دیکەش هەندێک لە ئیدیۆمەکان، ڕێگە بە گۆڕانکاری و گوێزانەوەکان نادەن، بڕوانە نموونەی (٩):

9- a- Kick the bucket. (شەقێکی لە سەتڵەکەدا. بە واتای مردن دێت)

b- The bucketed.*

لە نموونەی (٩- ئـ) کە ئیدیۆمێکی زمانی ئینگلیزییە، پێکهاتەیەکی جێگیر و چەسپاوی هەیە و ڕێگە بە گۆڕانکاری نادات، وەک لە ڕستەی (٩- ب)دا، دەردەکەوێت، کە کراوە بە ڕستەیەکی بکەر نادیار، بەڵام واتایەکەی پەیوەندی بە واتا ئیدیۆمییەکەیەوە نامێنێت.) (بالمر: ١٩٨١: ٩١)؛ سەرەڕای ئەوەش (لە هەندێک باردا، چەشنێک لە ئیدیۆمەکانی زمانی ئینگلیزیش، ڕێگە بە هەندێک گۆڕانکاریی سینتاکسی دەدەن. بڕوانە: (Crystal, 2008, 236)

کەواتە، ئیدیۆم چەشنێکی دەربڕاوە چەسپاوەکانە، واتای لە واتای یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دەستناکەوێت، لێڵی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیان، وایکردووە پراگماتیکییانە لێی بکۆڵرێتەوە.

### ٢/ ١/ ٢ / پەند"Proverb"

پەند چەشنێکی دیکەی دەربڕاوە چەسپاوەکانە، بریتییە لە ((بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک، هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە، فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕوداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یا خراپ... دەچێتە تەرازوی پەندی پێشینانەوە.)) (ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٨٦) .

وا دیارە بەهۆی گرنگی و فراوانی چەمکی پەندەوە، چەندین پێناسەو لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە، کە بەشێکیان بە ئاڕاستەی وێژەوا[نیدابوون، چونکە ((پەندی پێشینان، ئەو بەرهەمە کۆنانەی گەلن، کە هەموو باری ژیان و کۆمەڵایەتی و مێژوییان، تێدا دەردەکەوێ.)) (رەسوڵ، تەقی، ١٩٨٤، ٧٠)، وەک بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر سەیر دەکرێن. ئەمە وەنەبێ تەنها تایبەت بێت بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەڵکوو سەرچاوەی سەرەکی پەندەکانی ئەدەبی (ڕۆژئاواییش، سەرچاوەکەیان شارستانییەتی یۆنانی و لاتینینە، چونکە گەلێک تۆماری نوسراویان لەدوای خۆیان بەجێهێشتون، کە بەشێکیان پەندن، ئەمە جگەلەوەی کتێبی پیرۆزیش، سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم بەرهەمەیە.) (Unseth, 2014, 455).

بەپێی لیکۆڵینەوەکان، سەرچاوەی سەرەکیی پەندەکان تاکەکانی کۆمەڵن، لەپاشان دەچنە نێو خەڵک و لەلایەن نوسەران و شاعیرانەوە دەستکاری دەکرێن، یان وەک خۆیان بەکاردەهێنرێنەوە؛ ((یان زۆرجار بەیتێکی تەواوی شاعیرێکەو دەکەوێتە سەر زمان و دەبێت بە پەند.)) (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٢). سەرەڕای ئەوەش بەردەوام پەندی تازە لە دایک دەبن و دێنە نێو فەرهەنگ و ئەدەبی فۆلکلۆری میللەتانەوە. (هەمان سەرچاوە، ٤٥٥). لەڕوانگەی زمانیشەوە پەندەکان دەچنە چوارچێوەی دەربڕاوە چەسپاوەکانەوە، بۆیە (زۆرجار سنوری پەند لەگەڵ ئیدیۆم تێکەڵ دەبێت، بەهۆی نزیکایەتی لە فۆرم و واتاوە لەنێوان هەردوک چەشندا.) (هەمان سەرچاوە، ٤٥٤). هەرچەندە بەشێکی زۆری پەندەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە ((فۆرمێکی ڕستەییان هەیە.)) (احمد، ٢٠١٢، ٥) و لە ڕووی سینتاکسییەوە یەکەیەکی تەواو پرن، ئەمە بێجگە لەوەش (بەزۆری هەڵگری کێش و سەروای تایبەتن، کە جیایان دەکاتەوە لە ئیدیۆم.) .(Unseth, 2014, 459) ئەم جیاوازییەش، ((بەزۆری لە ڕووی بەخشینی ماناو پێکهاتنی ڕێزمانییەوەیە.)) (حاجی مارف، ١٩٧٥، ٦٦). واتە، دەکرێت بڵێین، ((لە ڕووی بەخشینی واتادا، بە کۆمەڵە وشەیەکی کەم واتایەکی زۆر دەبەخشن، لە ڕووی پێکهاتنی ڕێزمانیشەوە تەواو چەقبەستوو چەسپاون.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٧٨). هەروەها بەهۆی بنەمای ڕەهەندی ئەرگۆمێنتی لە پەنددا، کە بنەمایەکی دیارە، ((بەو پێیەی پەند یەکەیەکی سەربەخۆیە و لە دەوروبەری جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت. ئەم فرە بەکارهێنانەی وای کردووە، زۆرجار لە پەنددا، مەبەست لەشێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ دەرببڕێت.)) (رشید، ٢٠٢٤، ١٨٢)، بۆیە لێکدانەوەشی دەچێتە چوارچێوەی پڕاگماتیکەوە.

لەسەرێکی دیکەوە، پەندەکان ((بەری تەجروبە/ ئەزموون و دنیادیدەی گەلن، ڕەنگدانەوەی ژیان و ژیاری گەل نیشان دەدەن، بۆ نموونە لەبەرئەوەی کورد ئیشکردنی زۆر لا بەنرخە و بە چاوی ڕێز و بەرزەوە دەڕوانێتە ئیشکردن و ئارەقرشتن، بۆیە پێشینان دەڵێن: ٩- دەستی ماندوو، لەسەر سکی تێرە.)) (ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ١٠٦- ١٠٧)، هەروەها جۆرە دەربڕینێکن لە بۆتەی ڕستەدا، لەنێو خەڵکیدا زۆربڵاون، بەشێکیان ((ڕاستەوراست ئەنجامێک/ واتایەک، بە دەستەوە دەدەن.)) (هەمان سەرچاوە، ٨٧)، وەک لە نموونەی (١٠)دا، بەرچاودەکەوێت:

١٠- ((ئیشی ئەمرۆ مەخەرە سبەینێ.)) (خاڵ، ١٩٦٩، ٥٢)، کەچی هەندێکیان، وا بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، بۆ لێکدانەوەی واتاو مەبەستیان، پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە، وەک لە نموونەی (١١)دا، دەردەکەوێت:

١١- ((ئەگەر پێنجین، ئەگەر شەشین، هەمو غوڵامی دیزە ڕەشین. جاران، لەجیاتی مەنجەڵ، چێشتیان هەر لە دیزەدا لێدەنا، واتە هەمو خێزانەکە، بەیانیان و ئێواران، چاوەڕوانی شۆربای نێو دیزەڕەش بوون.)) (هەمان سەرچاوە، ٢٩). ئەو لێکدانەوەیەش (پەیوەندیی بە چواچێوەی بەکارهێنانەوە هەیە، کە لە زانستی پڕاگماتیکدا لێی دەکۆڵرێتەوە.) (Unseth, 2014, 459)، چونکە ئەمانە هەڵگری کولتوور و دابونەریتی گەلانن، بیرو ئەزمونی نەتەوەیەک نیشان دەدەن، یان زۆرجار ڕوداوێک، یان بەسەرهاتێک لەپشت ئەمانەوەیە.

سەرەڕای سیمای چەسپاوی و چەقبەستویی پەند لەڕوی فۆرمەوە، لە هەندێکباردا بەشیک لە پەندەکان، سنوری ئەم

چەقبەستویی و یەکگرتوییە لە ڕووی فۆڕمەوە دەبەزێن، لە پێکهێنەکانیاندا بواری گۆڕان دەدەن، بەڵام بە هەمان واتا و چەمکەوە. بڕوانە نموونەی (١٢):

١٢- ئـ- ((ئاو لە بێژنگدا، دەهێنێ.

ب- ئاو لە بێژنگ، ناوەستێ.)) (خاڵ، ١٩٦٩، ٢١- ٢٢).

هەندێک جار، گۆڕان لە فۆڕمی پەندەکان نابێتە هۆی گۆڕانی واتا، یان لەدەستدانی واتای گشتیی پەندەکە، ئەوەش ڕەنگە پەیوەندیی بە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئاخێوەران، یان جیاوازیی فەرهەنگی نێوان زارو شێوەزارەکانەوە، هەبێت. وەک لە نموونەی (١٣)دا، دەردەکەوێت:

١٣- ئـ- تەشی ڕێس، تەشی ڕێس بێ، بە کلکی کەریش، تەشی دەڕێسێ .

ب- ((تەشی ڕێس، تەشی ڕێس بێ، بە کێری کەریش، تەشی دەڕێسێ.)) (هەمان سەرچاوە، ١٣٤).

وەک دەبینرێت، هەردوک بەکارهێنان لە زماندا بەرچاودەکەون، بەڵام بەهۆی بوونی تابۆ لە نموونەی (١٣- ب)دا، قسەپێکەران خۆیان لە بەکارهێنانی دەبوێرن و نموونەی (١٣- ئـ) بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن، ئەوەش پەیوەندی بە باری دەرونی کوردزمانەوە هەیە، کە لە کاتی گفتوگۆدا، خۆی لەو جۆرە دەربڕینانە دەپارێزێت.

## ٢/ ٢/ ئاریشەکانی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان

وەرگێڕانی دەقێک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج، بە وەرگێڕانی فۆڕمی، یان دەقاودەق ئەنجامێکی زانستییانە و بابەتییانەی نابێت، بۆیە ئەگەر وەرگێڕ بیەوێت سەرکەوتوو بێت و وەرگێڕانێکی باش بکات، ڕووبەڕووی چەندین ئاریشە و گرفت دەبێتەوە، چونکە ((دەقی وەرگێڕدراو بۆ زمانی ئامانج وەک دەقی سەرچاوە نابێت، بەهۆی جیاوازیی زمانەکان لە یاسا فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان، هەروەها جیاوازییە کولتوورییەکان.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٠، ٤). لەبەرئەوە لە وەرگێڕاندا، ئەوەی بەلای وەرگێڕەوە جێگەی سەرنجە و وەرگێڕ تیشکۆی دەخاتە سەر (دروستەی واتایە، نەوەک کەرەستەی ڕێزمانی و دەنگ و وشە. لەڕوانگەی زمانەوانییەوە لەنێو پێکهاتەکانی دەقدا، کە هەریەکە لە ڕستە، ڕیزبەندی وشەکان، کات، مۆداڵەکان، پەیوەندییە واتاییەکانی وەک، هاوواتا، فرەواتا...هتد، هەروەها میتافۆر، ئیدیۆم، پەند، لەخۆدەگرێت و دەبن بە کەرەستەی وەرگێڕان.) (Ghazala, 1995, 2) کەواتە دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان (ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕووی زمانەوانییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەوانەی کە لە ڕووی کارەکییەوە، پەیوەندییان بەلایەنی کارەکی پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەیە، کە خۆی لە کەرەستە نازمانییەکانی وەک، کولتوور و دابونەریت و ئایین...هتدا، دەبینێتەوە، چونکە هەردوک لا، پەیوەندییان بە ئەرکی دەقەکەوە هەیە، بۆئەوەی پرۆسەی هاوتابوونی دەق ڕووبدات، لەنێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا. بە پێچەوانەوە ئاریشەی وەرنەگێڕی "untranslatability"دێتە بەردەمی وەرگێڕ. لەم بارەیەوە "کاتفۆرد" ئاریشەکانی وەرگێڕانی پۆلێن کردووە بۆ دوو جۆر، ئەوانیش ئاریشەی کولتووری و زمانین.) (Catford, 1965, 94).

لەم سۆنگەیەوە ئەوەی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا درکی پێ دەکرێت، پاراستنی واتا و ناوەڕۆکی زمانی سەرچاوەیە، بەتایبەتی چەمک و واتای دەربڕاوە چەسپاوەکان، هەوڵ بدرێت زمان و واتاو کولتووری دەقەکە بگوازرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ئاریشەکانی وەرگێران پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش ئاریشە زمانی و نازمانییەکانن، کە لە تەوەرەکانی دیکەدا هەریەکەیان بە جیا دەخرێنەڕوو.

## ٢/ ٢/ ١/ ئاریشە زمانییەکان

سەرەڕای ئەوەی لێکچوونێکی زۆر لە پێکهاتە و یاسای زمانە سروشتییەکاندا هەیە، بەڵام جیاوازییەکی یەکجار زۆریش لە یەکە و یاسا زمانییەکاندا بەدیدەکرێت. هەر لەم سۆنگەیەوە زمانەوانان، لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە زمانەکانی جیهانیان پۆلێنکردووە، بۆ چەند چەشنێکی جیاوازی وەک، (زمانە لکاوەکان، زمانە شیکراوەکان، زمانە شکاوەکان، زمانە ناوگرییەکان، زمانە تێکەڵەکان.) (Katamba, 1993, 56)،یان لە ڕووی سەرەوریزبوونی کەرەستەکان، یاسا ڕستەسازییەکان، ژمارە و جۆری فۆنیمەکان، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، ((هیچ

زمانێک تایبەتێتی، یان سیماکانی تەنیا پۆلێک لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو دەشێت هەندێک لە سیمای پۆلەکانی تریشی هەبێت.)) (قادر، ٢٠٠٣، ١١). لەبەرئەوە لە وەرگێراندا ((پێویستە وەرگێڕ ڕێزمان وەرنەگێڕێت، چونکە مەرج نییە دروستەی هەردوو زمانەکە وەک یەک وابن.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ١١)، بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە وەرگێڕان لە خزمەت واتادا بێت، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی دەربراوە چەسپاوەکاندا. لە سۆنگەی ئەو جیاوازییانەوەیە، وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووی ئاریشە زمانییەکانی وەک، دەنگسازی، ڕێزمانی، فەرهەنگی...هتد، دەبێتەوە.

**٢/ ٢/ ١/ ١ / ئاریشەی دەنگسازی**

ئەو بەشەی زمانەوانی، کە لە (دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و وەسفیان دەکات؛ هەروەها باس لە کارکردن و پەیوەندیی نێوان فۆنیمەکانی زمانێک دەکات، پێی دەگوترێت دەنگسازی/ فۆنۆلۆجی.) (Roach, 2010, 35) ، بچووکترین یەکەی ئەو ئاستەش (فۆنیمەکانن، کە توانای گۆڕینی واتایان هەیە، لەڕێگەی جووتۆکەکانەوە، چونکە هەریەکەیان خاوەنی بەها و نرخن.) (Finch, 2005, 57) ، بۆیە دەگوترێت، ((مۆرفیم بەهۆی چەند فۆنیمێکەوە دەنوێنرێت.)) (فتاح، ٢٠١١، ٥٨)، بەو واتایەی هەرچەندە فۆنیمەکان هەڵگری واتانین، بەڵام توانای گۆڕینی واتایان هەیە. هەر زمانێک خاوەنی دەستەیەک فۆنیمی جیاوازە لە ڕووی ژمارە و جۆری فۆنیمەکانی، ئەوەش بەهۆی سیما و تایبەتمەندیی زمانە جیاوازەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە زمانی کوردی، لە ڕووی ژمارە و جۆری فۆنیمەکانی لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی جیاوازە، ئەوەش وەک یەکێک لە ئاریشەکانی وەرگێڕان، سەیر دەکرێت، بۆ نموونە هەریەکە لە فۆنیمەکانی "ص، ض، ذ، ط" لە زمانی عەرەبیدا فۆنیمن، بەڵام لە کوردیدا ناکەونە نێو سیستەمی دەنگسازیی ئەو زمانەوە، بە پێچەوانەوە هەریەکە لە فۆنیمەکانی "پ، ژ، ڤ، چ، ڵ، ڕ" لە زمانی کوردیدا فۆنیمن، بەڵام ناکەونە نێو پێکهاتەی فۆنیمەکانی ئەو زمانەوە .

لەلایەکی دیکەوە، (لە زمانی عەرەبیدا نیشانە/ بزوێنە کورتەکانی وەک، سەر، بۆر، ژێر، هەن، کە لەسەردەستی "ئەبو ئەسوەدی دوئلی" خرانە نێو سیستەمی دەنگسازیی ئەو زمانەوە، کە توانای گۆڕینی واتایان هەیەو بە گۆڕینی هەریەکێکیان واتای وشە گۆڕانی بەسەرردادێت.) (بشر، ٢٠٠٠، ٢٢٠)، بەڵام لە زمانی کوردیدا لە بەرانبەر ئەوانەدا، لەشێوەی پیت/ فۆنیم هێمایان بۆ دانراوە، چونکە ئەمانە خاوەنی نرخی جیاوازن، بۆیە ئەگەر وەرگێڕ وریا نەبێت، توشی هەڵەی وەرگێڕان دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە نموونەی ئیدیۆمی و میتافۆڕی لە نموونەکانی (١٤، ١٥)دا:

١٤- ئـ- دڵ، ئاوێنەی دڵە .

ب- القلب هو مرأة القلب. (دڵ، ئاوێنەی دڵە/ وەرگێڕانی دروست)

پ- القلب هو مرأة القلب*. (دڵ، ئافرەتی دڵە/ وەرگێڕانی هەڵە)

وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، هەڵە تێگەیشتن، یان گۆڕینی یەک نیشانە لە ژێر/کەسرەوە، بۆ سەر/ فەتحە، واتایەکی سەیروسەمەرەی لێدەکەوێتەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە واتا و مەبەستی ئیدیۆمەکەوە نامێنێت، ئەوەش بە گۆڕینی وشەی ( مِرأة/ ئاوێنە) بۆ (مَرأة/ ژن) کە زۆرجار وەرگێڕ لە نوسین و خوێندنەوەیاندا، توشی هەڵەی وەرگێڕان دەبێت.

١٥- ئـ- دڵم شەقیبرد.

ب- الفطر قلبي . (دڵم شەقیبرد/ وەرگێڕانی دروست)

پ- الفطر قلبي*. (دڵم جەژنی ڕەمەزانە/ وەرگێڕانی هەڵە)

وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، گۆڕینی یەک نیشانە بە هەڵە، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای میتافۆڕەکە، کە هیچ پەیوەندی بە واتای میتافۆڕەکەوە نامێنێت. ئەوەی ئەو گۆڕانەشی دروست کردووە، گۆڕینی نیشانەی سەر/ فەتحەی وشەی (الفَطرُ/ شەقبردن)ە، لە نموونەی (١٥-ب) بۆ ژێر/ کەسرە لە وشەی (الفِطرُ/ جەژنی ڕەمەزان) لە نموونەی (١٥-پ)دا.

ئەم ئاریشەیە، وە نەبێت تەنها پەیوەستبێت بە فۆنیمە کەرتییەکانەوە، (زۆرجار فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەک، هێز، ئاوازەو تۆنێش، دەبن بە گرفت بۆ وەرگێڕ، چونکە ئەمانیش دەبنە هۆی گۆڕینی واتا و وشەی نوێ بەرهەم دەهێنن. بۆ نموونە لە زمانی چینی-دا، بە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی تۆنی دەنگ، واتای وشە دەگۆڕێت، بڕوانە نموونەی (١٦):

16- a- ma ——

b- ma ∨

c- ma ↘

d- ma ↗

(Finch, 2005, 48)

لە زمانی چینی-دا، نموونەیەکی وەکو (١٦) بەپێی تۆنی دەربڕینی چەند واتایەکی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تۆنەکەی ئاسۆیی بوو، واتای (دایک) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بەرزو نزمی کرد، ئەوا واتای (ئەسپ) دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەر تۆنەکەی لە بەرزەوە بۆ نزم بوو، ئەوا بە واتای (سەرزەنشت) دێت، بە پێچەوانەوە لە نزمەوە بۆ بەرز، بە واتای (گەنم) دێت. ئەوەش زۆرجار لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دەبێتە ئاریشە بۆ وەرگێڕ، چونکە ئەگەر وەرگێڕ بە تەواوی شارەزای ئاستی دەنگسازیی زمانی چینی نەبێت، توشی هەڵەی وەرگێڕان دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر وەرگێڕ لە وەرگێڕانێکی ڕاستەوخۆدا بێت، بیبەوێت پەندێکی کوردی لە جۆری نموونەی (١٧- ئ) وەربگێڕێت، توشی وەرگێڕانێکی هەڵەی لە جۆری نموونەکانی (١٧- پ ت ج) دەبێت، بەڵام ئەگەر شارەزایی لە ئاستی دەنگسازیی ئەو زمانە هەبێت، ئەوا وەرگێڕانێکی دروستی وەک، نموونەی (١٧- ب)ی، لێ دەکەوێتەوە .

١٧- ئ- دایکی ببینەو دۆتەی بخوازە. (ئەگەر ویستت، کچێک بخوازی سەیری دایکی بکە.)

ب- دایکی ببینەو کچی بخوازە. (وەرگێڕانی دروست، بۆ زمانی چینی)

پ- ئەسپ ببینەو کچی بخوازە. (وەرگێڕانی هەڵە)

ت- سەرزەنشت ببینە و کچی بخوازە. (وەرگێڕانی هەڵە)

ج- گەنم ببینە و کچی بخوازە. (وەرگێڕانی هەڵە)

} ئەگەرەکانی وەرگێڕان بۆ زمانی چینی

یەکێک لە ئاریشەکانی وەرگێڕان، کە دێتە بەردەمی وەرگێڕ، ئاریشەی دەنگسازییە، چونکە هەر زمانێک، خاوەنی تایبەتمەندی و سیما و خەسڵەتی خۆیەتی، لە جۆر و ژمارە و پێکەوەهاتنی فۆنیمەکانی، بۆیە ئەم ئاستە وەک یەکێک لە ئاریشەکان، سەیر دەکرێت.

### ٢/ ٢/ ١/ ٢/ ئاریشەی لێکسیکی/ فەرهەنگی

یەکە لێکسیکی/ فەرهەنگییەکان، لە هەر زمانێکدا ئەو یەکانەن، کە وەک سەرەوشە، لە فەرهەنگدا هەڵدەگیرین و شیکردنەوەی تایبەتیان لەبارەوە دەکرێت، (لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، بەشێک لەوانە دەبن بە ئاریشە بۆ وەرگێڕ، گرفتەکەش بەشێکی پەیوەستە بە پێکهاتەی لێکسیکی و ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو، کە جیاوازیی نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج دەگرێتەوە.) (Catford, 1965, 93) ، ئەویش بەهۆی هەبوونی هەندێک وشە/ لیکسیم، لە زمانی سەرچاوە و نەبوونی لە زمانی ئامانجدا، یان بە پێچەوانەوە. ئەوەش دەبێتە ڕێگری و سنورداریتی وەرگێڕان و (ناتوانرێت تەواوی دەقەکە وەربگێڕدرێت بۆ زمانی ئامانج، لەبەر هەبوونی بۆشایی لێکسیکی لەنێوان هەردوک زماندا.) (عثمان، کانبی، ٢٠١٧، ٢٤٠)، چونکە زۆربەی زمانەکانی دونیا لە ڕووی پێکهاتە فەرهەنگییەکانەوە، تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. بۆ نموونە هەندێک وشەی وەک، (پێشمەرگە، جولایی، بوزو/ شاڵ، کڵاش، میراو، شایی، ...هتد) لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام لە زمانەکانی وەک، ئینگلیزی، فەرەنسی، چینی...هتددا، نابینرێن؛ یان ((هەندێک وشە لە زمانی سەرچاوەدا فرمانن/ کردارن، لە زمانی ئامانجدا دەبنە ئاوەڵناو، یان بە پێچەوانەوە.)) (مستەفا، ٢٠٠٩، ٩٧)، ئەوەش پێویستی بە داڕشتنەوە و لێکدانەوەی واتایی دەبێت و وەرگێڕ توشی ئاریشەو درێژدادڕی دەکات .

گرفتێکی دیکەی وەرگێڕانی یەکە فەرهەنگییەکان، گرفتی پەیوەندییە واتاییەکانە، ((ئاشکرایە لە کردەی وەرگێڕاندا،

هەڵبژاردنی وشە هاوواتاکان و گونجاندنیان لە دەوروبەر/ کۆنتێکستی زمانی ئامانجدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە وشە و زاراوەکانی تایبەتن بە کولتوورو شارستانییەت و زمانی ئەو میللەتە، لەوانەیە زمانی سەرچاوە لە زاراوە هاوواتاکاندا دەوڵەمەندبێت، کەچی لە زمانی ئامانجدا هاوواتای بۆ نەدۆزێتەوە.)) (هەمان سەرچاوە، ١١٨). لەگەڵئەوەشدا بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کە ("Lyons" بۆ هاوواتای تەواوی داناون، تەنانەت لەنێو یەک زمانیشدا، وەک ئەوەی لە واتادا وەک یەکتربن، یان یەکسانبن، یان لە هەموو دەوروبەرێکدا لەبری یەکتری بەکاربێن، زۆر ئەستەمە.) (Lyons, 1996, 61). ئینجا ئەمە بۆ دوو زمانی جیاواز، زۆر ئەستەمە، کە بتوانین بەئاسانی پرۆسەی وەرگێڕانی تەواوەتی ئەنجام بدەین. بۆ نموونە لە کردارێکی وەکو (ڕستن) کە وشەیەکی تایبەتی فەرهەنگیی زمانی کوردییە، وەک لە نموونەی (١٨)دا، نیشاندراوە، ئەستەمە بتوانین، هاوواتاکەی لە زمانێکی وەکو ئینگلیزی، یان فەڕەنسیدا، بۆ بدۆزینەوە .

١٨- ئـ- شیرین، تەشی دەڕێسێت. (تەشی ڕستن، واتای فەرهەنگی)

ب- زۆری دەڕێسێت. (زۆر بلێیی، واتای میتافۆری)

چونکە (بەپێی تیۆرەکانی وەرگێڕان، وەرگێڕانی میتافۆڕ لەنێو دەقی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم بەدینایەت، لەبەرئەوەی میتافۆڕەکە پەیوەستە بە کۆنتێکست و فەرهەنگی ئەو زمانەی کە یەکەمجار بەرهەمی هێناوە، تایبەتمەندیی فەرهەنگی و سنوودارێتی، بۆ زمانی سەرچاوە هەیە. ئەوەش وەک بەربەستێک سەیر دەکرێت.) (Van den, 1981, 73- 74). ئەمە بۆ پەیوەندییە واتاییەکانی وەک، هاوبێژی، فرەواتایی و ...هتد یش، هەروایە، بۆ نموونە (لە زمانی ئینگلیزیدا "Bank" وەک وشەیەکی هاوبێژ، دوو واتای جیاوازی هەیە، ئەوانیش: قەراغی ڕووبار و بانکی پارەیە، ڕەنگە ئەمە زۆر ئەستەمبێت بتوانین بەئاسانی بۆ زمانی فەڕەنسی وەربگێڕین، چونکە ئەوە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، لێڵییەک دەهێنێتەکایەوە، لەبەرئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا نوێنەرایەتی دوو یەکە و واتای جیاواز دەکات.) (Catford, 1965, 95).

سەبارەت بە وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان، کارەکە زۆر سەختترە، چونکە پێکهاتەی ئەوان نادارشتەییە و واتایان لە واتای یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دەست ناکەوێت، بۆیە (دوای بنەما سەرەکییەکانی ڕێبازی فەرهەنگیی ڕێزمانی، دەرکەوت، کە وەرگێڕانی کۆمەڵە وشە، ئیدیۆم ...هتد، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، زۆرترین لەمپەر و ئاریشە بۆ وەرگێڕ دروست دەکەن، چونکە ئەوانە تایبەتن بە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیەکی جیاواز.) (Christopher, 2011, 5)، بۆیە ناتوانین وەرگێڕانی فەرهەنگیی ئەوانە، بۆ زمانی ئامانج بکەین، چونکە (ئەوکاتە، وەرگێڕانەکە لە زمانی ئامانجدا، وەکو نوکتە دەردەچێت، بەڵکوو دەبێت بەدوای هاوواتاکەیدا بگەڕێین.) (ئەحمەد، ٢٠١٨، ٤٨).

لەبەرئەوەی هەموو زمانەکانی دنیا، لە داڕشتنی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا، هەمیشە پەنا بۆ بەشێک لە یەکە فەرهەنگییە ڕەسەن/ تایبەتیی-ەکانی زمانەکەیان دەبەنەوە، بۆیە لە وەرگێڕانیشدا هەر ئەو وشە/ لێکسیم-انە، دەبنەوە ئاریشە بۆ وەرگێڕ. بۆ ڕوونکردنەوە، بڕوانە نموونەی دەربڕاوە چەسپاوەکانی زمانی کوردی:

١٩- کورد بدوێنە، شەرعی خۆی، دەکات. (دڵسافی و ساویلکەیی)

٢٠- هەرکەسێ بچێ، بەگشت عەشیرەتی جافدا، وەک مێروله بچێت، بەگشت قولەی قافدا. (ئازایەتی و هێز)

٢١- خۆ نەبوویە حەمە قوتوی موسڵ. (دەوڵەمەندی و ناوبانگ)

٢٢- دەڵێی، ڕێوی قەمچوخەی. (فێڵبازی)

٢٣- ڕوداوەکەیان، دیزە بەدەرخۆنە، کرد. (شاردنەوەو بێدەنگیلێکردن)

٢٤- کنگر و ماست، بە وەعدەی خۆی. (هەمووشتێک کاتی خۆی هەیە)

٢٥- شایی نازانێت، دەڵێ عەرزەکە خوارە. (دانپێدانەنان)

٢٦- بوو بە دڕکی مەم و زین. (تێکدان و لێککردن)

ئەگەر سەرنجی هەریەکە لە نموونەکانی (١٩ بۆ ٢٦) بدەیت، دەبینیت، لە هەریەکەیاندا بەلایەنی کەمەوە، یەکەیەکی

لێکسیکی/ فەرهەنگی لە پێکهاتەکانیاندا هەیە، کە ناتوانرێت بۆ زمانی دووەم/ ئامانج وەربگێردرێت. بۆ نموونە لە (١٩)دا، ناوێکی تایبەتی وەکو (کورد) لە پەندەکەدا، بەرچاودەکەوێت، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت وەرگێرانی فەرهەنگی بۆ بکرێت، چونکە ناوێکی تایبەتییە؛ هەروەها لە نموونەی (٢٠)دا، لەنێو پێکهاتەی پەندەکەدا، ناوی یەکێک لە عەشیرەتەکانی کورد، بەرچاودەکەوێت، کە ئەویش ناوێکی تایبەتییە و ناتوانرێت وەربگێردریت، چونکە ئەم ناوە، تەنها لە سنوری یەکەی فەرهەنگیی زمانی کوردیدا هەیە، بۆیە لە ((وەرنەگێریی ناوەکاندا، ناوە تایبەتییەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت و زۆربەی هەرە زۆری ناوە تایبەتییەکان، وەرناگێردرێن.)) (عثمان، کانبی، ٢٠١٧، ٢٤٢). بێگومان، ئەوە لە نموونەکانی (٢١، ٢٢)شدا، هەمان شتە، کە لە (٢١)دا، (حمە قوتو) ناوی تایبەتی کەسێکە و لە (٢٢)شدا، (قەمچوغە) ناوی تایبەتی شوێنێکە، تایبەتن بە فەرهەنگی کوردی و ناتوانرێت، وەربگێردرێن. لە نموونەی ئیدیۆمی (٢٣)دا، وشەی (دیزە بە دەرخۆنە) ناوی کەلوپەلێکی کۆنی چێشتلێنانە، تایبەتە بە فەرهەنگی کوردی، بۆیە ناتوانرێت بۆ زمانی ئامانج وەربگێردرێت، مەگەر هاوواتایەکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوەش زۆر ئەستەمە. لە نموونەکانی (٢٤، ٢٥)یشدا، هەریەکە لە (کنگر و شایی) دوو یەکەی فەرهەنگی زمانی کوردین و دەبن بە ڕێگر لە بەردەمی وەرگێڕدا، بۆ نموونە (شایی) تایبەتە بە کولتوور و فەرهەنگی کوردی، لە زمانەکانی دیکەدا نیمانە، ئەگەرچی ئەم کردەیە، لە زمانەکانی دیکە بە وشەی دیکە ئاماژەی پێدەکرێت، وەک (دانس، ڕەقس) بەڵام بەکارهێنانی ئەوانە وەک هاوواتا، هیچ پەیوەندییەکی بە واتاو ناوەڕۆک و مەبەستی سەرەکیی پەندەکەوە نامێنێت، بگرە زۆر سەیر و نامۆش دەردەکەوێت. هەروەها لە نموونەی ئیدیۆمی (٢٦)یشدا، ناوی دەقێکی ئەدەبی کوردی بەکارهاتووە، (مەم و زین) کە تایبەتە بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، وەرگێڕ بەهێچ شێوەیەک ناتوانی وەرگێرانی وشەیی بۆ بکات. ئەمە وە نەبێت هەر لە ئاستی دەربڕاوە چەسپاوەکان بێت، بەڵکوو لە ئاستی وشەسازیشدا، نموونەیەکی وەک (دەست نیشان کردن) ئەگەر وەک یەکەیەک سەرەدەری لەگەڵ بکرێت، یەک واتا دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر بە جیا جیا سەرەدەری لەگەڵ بکرێت، هەر وشەیەک واتایەکی جیاوازی هەیە، ئەوەش بۆ وەرگێڕ دەبێتە گرفتێکی وشەسازی .

یەکێکی دیکە لە ئاریشەکانی وەرگێرانی دەربڕاوە چەسپاوەکان، جیاوازی بوارە واتاییەکانە، لەنێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا، بۆ نموونە ((بەراوردکردنی بواری تەنە مردووەکان، لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، کەلێنێکی وشەیی لە زمانی ئینگلیزیدا پیشان دەدات، بوارەکە لە کوردیدا سێ وشەیە، بەپێی جۆری تەنەکە، مرۆڤ بێت، یان ئاژەڵ و درەخت. بەمپێیە، لاشە بۆ مرۆڤی مردوو و کەلاک بۆ ئاژەڵی مردارەوە بوو و کۆتەرە بۆ درەختی وشکبوو بەکاردێت، بۆ هەمان دیاردە لە ئینگلیزیدا تەنیا دوو وشەمان هەیە، "corps"بەرانبەر لاشە و "carcass" بەرانبەر کەلاک، دەوەستێ. بۆ درەختی وشکبوو زمانی ئینگلیزی وشەیەکی تایبەتی نییە، هانا بۆ ئاستەکانی تری زمانەکە دەبات، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکە، بۆ نموونە کۆتەرە لە ئینگلیزیدا دەبێتە "a dead plant" ڕووەکێکی مردو.)) (فەرەج، ١٩٩٣، ٨)، ئەوەش بە ڕێگای سینتاکسی سازکراوە، بۆیە زۆرجار ئەم کەلێنە دەبێتە ئاریشە و ڕێگری بۆ وەرگێڕ، لە وەرگێرانی دەربراوە چەسپاوەکاندا، چونکە پەنابردن بۆ ئەو ڕێگایە دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی واتای دەربڕاوەکە، یان وەرنەگێڕی ڕوودەدات. بۆ نموونە ئەگەر سەیری نموونەی (٢٧- ئ)ی، زمانی کوردی بکەیت، ناتوانرێت پەندەکە بۆسەر زمانی ئینگلیزی وەربگێردرێت، بەهۆی ڕێگریی بوارە واتاییەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا، وەک لە (٢٧- ب)دا، نیشاندراوە:

٢٧- ئ- لە کۆتەرەی سڵەمیەوە، بەسەر بەرازیدا کەوت. (لە شێک دەترسا، بەڵام بەسەر خراپتردا کەوت)

ب- He fell from afraid a dead plant onto the pig. وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی (لە ڕووەکێکی مردو دەترسا، بەسەر بەرازدا کەوت.)

وەرگێڕانی پەندەکە بەجۆرێکە، لەوانەیە هیچ تێگەیشتنێک لە زمانی ئینگلیزیدا نەهێنێتە ئاراوە، بەهۆی ڕێگری بواری واتایی وشەی "کۆتەرە"وەو نەبوونی لە زمانی ئینگلیزیدا.

بۆیە، پێکهاتەی فەرهەنگیی هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەمەش وا دەکات وەک ئاریشەیەک، ببێتە ڕێگری لە پرۆسەی وەرگێڕاندا.

### ٢/ ٢/ ١/ ٣/ ئاریشەی ڕێزمانی

گشت زمانەکانی جیهان، هەڵگری هەندێک تایبەتمەندیی و خەسڵەتی جیاوازن، کە جیایان دەکاتەوە لە یەکتری. تەنانەت ئەگەر دوو زمان سەربەیەک خێزانی زمانیش بن؛ خۆ ئەگەر لە دوو خێزانی جیاوازبن، ئەوا بە بێگومان جیاوازییەکە زۆر گەورەترە. لەبەرئەوە یەکێک لە ئاریشەکانی وەرگێڕان، (سنورداریێتیی وەرگێڕانی ڕێزمانییە، کە تێیدا ڕێزمانی دەقێک، بە ڕێزمانی دەقێکی دیکە هاوتادەکرێت.) (Catford, 1965, 71). بۆیە، کە ((باس لەوە دەکرێت پێویستە وەرگێڕ ڕێزمان وەرنەگێڕێت، مەبەست لەوەیە، نابێت وەرگێڕ دروستەکانی زمانی ئامانج، وەک زمانی سەرچاوە، بەرهەم بهێنێت، چونکە مەرج نییە دروستەی هەردوو زمانەکە، وەک یەک وابن.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٣٤). ئەم جیاوازییانەش، خۆی لە هەندێک تایبەتمەندیی وەک، ڕۆنان، ڕێزبوونی کەرەستەکان، کات، دۆخ، ڕەگەز، ژمارەو ...هتددا، دەبینێتەوە. بۆ نموونە لە ڕووی سەرەوریزبوونی کەرەستە ڕێزمانییەکانی وەک، "بکەر، بەرکار، کردار"، (ڕستەی ئاسایی لە زمانی کوردیدا، لە جۆری "s+ o+ v" یە، واتە "بکەر+ بەرکار+ کردار"ە، بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی، کە "کردار+ بکەر+ بەرکار"ە.) (ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٣٨). ئەمە بۆ زمانی ئینگلیزی بەجۆرێکی دیکەیە، (ڕیزبوونی ئاسایی ڕستەی ئینگلیزی لە جۆری "s+ v+ o" یە.) (Finch, 2005, 84)، کە جیاوازە لە هەردوک زمان. ئەوەش زۆرجار دەبێتە ڕێگری و ئاریشە بۆ وەرگێڕ، چونکە سەرەوریزبوون کاریگەریی واتایی دروست دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکان .

لەسەرێکی دیکەوە، هەبوونی نیشانەی ڕەگەز لە هەندێک زمان و نەبوونی، یا جۆراوجۆری ڕەگەزی لە زمانەکانی دیکەدا، ئاریشەیەکی ترە لەبەردەمی وەرگێڕدا، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا ((دەربڕینی ڕستە، بگرە وێنەی وشەش بەگوێرەی نێرینە و مێیینە دەستوری تایبەتی خۆی هەیە.)) (بەسیر، ٢٠١٣، ٥٢). تەنانەت لە زمانەکانی (ئیسپانی و ئەڵمانیش، ئەم دیاردەیە هەیە و ناوەکان بەگوێرەی هەندێک تایبەتمەندی و نیشانەی ڕێزمانی بەسەر دۆخی ڕەگەزە جیاوەزەکاندا، پۆلێنکراون.) (Yule, 2010, 84) ، بەڵام ئەمە بۆ زمانی کوردی بەو شێوەیە نییە، نیشانەکانی ڕەگەز بەرەو نەمان و لاوازبوون ڕۆیشتوون، بەتایبەتی لە زاری ناوەڕاستدا، کە تەنها لە دۆخی بانگکردندا ئەم دیاردەیە ماوە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا، (جۆرێک لە ڕەگەز دیاریکراوە، بە ناوی ڕەگەزی خوازەیی، بە پێچەوانەی ڕەگەزی حقیقی/ فەرهەنگی، بەبێ هیچ نیشانەیەک خراونەتە نێو بازنەی جۆرێک لە ڕەگەزەوە. بۆ نموونە لە وشەی "بدر" دا، کە بە واتای مانگی چواردە، دێت، لە لیستی وشەی نێرینەی خوازەیی دایە.) (هەمان سەرچاوە، ٥٣)، کە ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا، وەکو میتافۆرێک بۆ وەسفی ئافرەت، بەکاردێت. (بڕوانە نموونەی ٢٨) ئینجا ئەگەربێت و وەرگێڕ ئەم میتافۆرە بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕێت، توشی ئاریشەی وەرگێڕان دەبێت، چونکە ئەم میتافۆرە لە زمانی کوردیدا بۆ وەسفی ئافرەت بەکاردێت، لە کاتێکدا لە زمانی عەرەبیدا ڕەگەزەکەی نێرە؛ (بە پێچەوانەوە لە زمانی عەرەبیدا وشەی "الشمس/ خۆر" ڕەگەزەکەی، مێیەیەکی خوازەییە؛ کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی "خۆر" نێرە، بەڵام لە زمانی کوردیی زاری ناوەڕاستدا، هیچ یاسایەکی دیاریکراو نییە.) (مستەفا، ٢٠٠٩، ٤٣)، واتە ڕەگەزێکی دیاریکراوی نییە.

٢٨- دەڵێی، مانگی چواردەیە.

لەلایەکی دیکەوە، (مۆرفیمی تێی خڕ "ة" لە زمانی عەرەبیدا، وەکو نیشانەی ڕەگەزی مێ لەسەر هەندێک ناو دەردەکەوێت، وەک "الشجرة/ درەخت" کە ڕەگەزی مێیە، بەڵام هەندێکجار ئەم مۆرفیمە، لەگەڵ ناوی نێرینەش دێت و ناوەکە بە مێ هەژمارناکرێت، وەک لە ناوەکانی "طلحة، قتيبة" دا، دەردەکەوێت.) (بەسیر، ٢٠١٣، ٥٥)، ئەوەش زۆرجار دەبێت بە گرفت لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، ئەگەر بێت و وەرگێڕ تەواو شارەزای ڕێزمانی هەردووک زمان نەبێت، توشی هەڵەی وەرگێڕان دەبێت.

ئەمانە و هەبوونی هەندێک دیاردەی دیکەی وەکو هەبوونی کاتی داهاتوو لە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی، نەبوونی لە زمانی کوردیی زاری ناوەڕاستدا، هەروەها هەبوونی ژمارەی جوت "مثنى"، لە زمانی عەرەبی و نەبوونی لە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی-دا، ئەوانەش وەک ئاریشەی ڕێزمانی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا سەیر دەکرێن.

### ٢/ ٢/ ٢/ ئاریشە نازمانییەکان

پێکهاتەی هەر زمانێک، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی پێکهێنەر/ یەکە زمانییەکانی هەڵگری تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی، لە کرۆکە واتاکەیدا بەشێوەیەک پەیامەکەی دەگەیەنێت، دنیابینیی ئاخێوەری خاوەن زمانی تێدا دەردەکەوێت، کە جیای دەکاتەوە لە زمانەکانی دیکە، چونکە ((هەر زمانێک سەربەجۆرێک ڕۆشنبیری و کولتووری دیاریکراوە، کاتێک وەرگێر دەقێک وەردەگێڕێت، ناتوانێت ڕۆشنبیریی ئەو دەقە بەو شێوە کاریگەرییە وەربگێڕێت، کە خاوەن دەقە ڕەسەنەکە وێنای کردووە.)) (قەرەداغی، ٢٠٢٢،٣٠٩) .

لەبەرئەوە، هەر زمانێک خاوەنی کولتوور، مێژو، ئایین، فەرهەنگی جیاوازە، کە وەک پێکهێنی نازمانی، بەتایبەتی لە دەربراوە چەسپاوەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. هەریەکە لەوانەش، دەبن بە تایبەتمەندی و جیاوازیی لەنێوان دوو زمانی جیاوازدا، ئەوانەش وەک ئاریشەی نازمانی سەیر دەکرێن.

### ٢/ ٢/ ٢/ ١/ ئاریشەی ئایینی

یەکێک لە ئاریشە نازمانییەکان، ئاریشەی ئایینییە، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا، چونکە ئەمانە ڕەنگدانەوەی هۆش و تێڕوانین و دنیابینیی تاکی کوردی موسوڵمان نیشان دەدەن؛ لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردزمان بیروباوەڕێکی ئیسلامییان هەڵگرتووە، بۆیە ئەمەش ڕەنگیداوەتەوە لە بەرهەمە ئەدەبی و چالاکییە زمانییەکانیدا. باوەڕو نەریتە ئایینییەکان بونەتە ناوەڕۆکی دەربڕاوە چەسپاوەکانی؛ ئەوەش جیای دەکاتەوە لە دنیابینی و بیروباوەڕی خەڵکی دیکەی دەرەوەی بازنەی ئیسلام، چونکە دوو ئایین و دنیابینیی جیاوازن. ئەوەش وەک ئاریشەیەک دێتە بەردەمی وەرگێڕ، هەرکاتێک بیەوێت دەربڕاوێکی زمانی کوردی بۆ زمانێکی دیکەی غەیرە موسوڵمان وەربگێڕێت، یان بە پێچەوانەوە. بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:

٢٩- مەلا بەزێن. (زیرەک و قسەزان)

٣٠- پارەی بدەو مەلا ی لە مزگەوت، دەربکە. (بێمنەتبە)

٣١- بانگی محەمەد، بەئاشکرا خۆشە. (هەموو شتێک بەئاشکرایی)

٣٢- بەرماڵی لەسەر ئاو، دەڕوات. (پاکی و دڵسافی)

٣٣- زەکاتی پێدەشێت. (لات و هەژار)

بە سەرنجدان، لە دەربڕاوە چەسپاوەکانی (٢٩ بۆ ٣٣) دەردەکەوێت، کە سەرجەمیان لە دید و تێڕوانینی تاکی کوردی موسوڵمانەوە هەڵقوڵاون و ڕەنگدانەوە و باکگراوندێکی ئایینیان لەپشتە. ئەگەر نموونەی (٢٩) سەیر بکەیت، وشەی (مەلا)ی، تێدا بەکارهاتووە، چونکە تێڕوانینی کوردی موسوڵمان، بۆ مەلا سیما واتاییەکانی [+زیرەکی +قسەزانی +توانا +لێزانی...هتد]یە، بەڵام ئەم یەکەیە (مەلا) لە فەرهەنگ و دنیابینیی نەتەوەکانی دیکەی وەک، ئینگلیزی، فەرەنسی، چینی...هتددا، نییە، چونکە بیروباوەڕیان جیاوازە، بۆیە ناتوانی بە هەمان واتا و چەمکەوە هاوواتای لەو زمانانەدا بۆ بدۆزییەوە. ئەمە بۆ نموونەی (٣٠)یش، هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت.

لە نموونەی (٣١)یشدا، فرێزی (بانگی محەمەد) وەک ڕێگرییەک لە وەرگێڕانی دەربڕاوەکە، بۆ سەر زمانانی دیکەی ناموسوڵمان، دێتە بەردەمی وەرگێڕ، چونکە ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر تاکی کوردزمان هەیەتی لەوانی دیکەدا نییەتی، بۆیە پەیامی دەربڕاوەکە پەیوەندیی بە دنیابینی و بیروباوەڕی کوردی موسولمانەوە هەیە. ئەگەر سەیری نموونەی (٣٢) بکەی وشەیەکی وەکو (بەرماڵ) بەکارهاتووە، ئەوەش لە فەرهەنگی کوردیدا، وەک لێکسیمێکی ئایینی جێگیربووە، بۆیە ئەستەمە بتوانرێت، بۆ ئەو زمانانەی ناموسوڵمانن وەربگێڕدرێت، چونکە ناتوانین بە هەمان فۆرم و واتا و نیشانەوە، وشەیەکی وا بدۆزینەوە. هەروەها لە نموونەی (٣٣)دا، وشەی (زەکات) کە باجێکە تایبەتە بە ئایینی ئیسلام و موسڵمانان لە ماڵەکانیان دەریدەکەن، بەڵام ئەگەر وەرگێڕێک مەبەستییێت ئەم دەربڕاوە وەربگێڕێتە سەر زمانێکی وەکو، ئینگلیزی، یابانی، هیندی...هتد، ئەوە توشی ڕێگری و ئاڵنگاریی وەرگێڕان دەبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە باجە لە فەرهەنگ و ئایینی ئەواندا، بەو چەمکە تایبەتییە، بەدیناکرێت.

### ٢/ ٢/ ٢/ ٢/ ئاریشەی کولتووری و کۆمەڵایەتی

زمان، ڕەگەزێکی سەرەکییە لە نمایشکردنی لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک، بەوپێیەی ((کولتوور بریتییە لە کۆمەڵێک داب و نەریت و ڕەفتار، تایبەتە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو و جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵێکی دیکە. ئەم داب و نەریتەش خۆی دەخزێنێتە ناو زمان و واتا و پەیامی چەمکەکان دەگۆڕێت، بۆیە دەکرێت زمانیش وەک کولتوور سەیربکرێت.)) (ڕەشید، کریم، ٢٠٢٢، ٥٣٨)، بۆیە هەرکاتێک (مرۆڤەکان، دەبنە ئەندامی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، فێری لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەو زمانە دەبن، بۆیە هەبوونی زانیاریمان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هۆشیاریمان لەبارەی زمانەکەوە زیادتر دەکەن؛ هەروەها ئەو زمانە تایبەتییەی لەڕێگەی گواستنەوەی کولتوورەوە فێری دەبین، لانیکەم سیستەمێکی ئامادەکراومان بۆ دابینەدکات، بۆ ناسینی دەوروبەرمان و ئەزمونی ئێمە لەوبارەیەوە (Yule, 2010, 267)، مەبەست لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیش ئەوەیە، کە ((هەموو کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک یەکەی زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەریەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی.)) (مەحموود، ٢٠٠٩، ١٤). لەم سۆنگەیەوە، دەربراوە چەسپاوەکانیش، تەنها بریتی نین لە پێکهاتەیەک، یان یەکەیەکی زمانی ڕووت، بەڵکوو هەڵگری ناوەرۆک و پێکهێنی کولتوور و کۆمەڵایەتیی ئەو زمانەن، شارەزایی و لێهاتویی و زمانڕەنگینی ئەو نەتەوەیە، تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە زۆرجار ((ئەو زانیارییانەی بە وشە دەربڕاون، وەرگێڕ دەتوانێت بەئاسانی بیگوێزێتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی بە وشە دەرنەبڕدراون، کە پاشخانەکان "Back round" دەگرێتەوە، ئەرکێکی قورسە.)) (دزەیی، ٢٠٢١، ٢٨٤)، چونکە کولتوور ڕۆڵێکی یەکجار گەورە لە فەرهەنگدا دەبینێت، لەبەرئەوەیە گەلێکجار ((جیاوازی کولتووری وایکردووە، کە بۆشایی فەرهەنگیی لە ناوانی شتەکاندا بهێنێتە ئاراوە.)) (عثمان، کانبی، ٢٠١٧، ٢٤٨). ئەوەش زیاتر لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەردەکەوێت، چونکە چالاکی نێوان دوو زمان و دوو کولتووری جیاوازە، هەر لەبەرئەوەیە، (زۆربەی ئەو وەرگێڕانەی هەوڵی وەرگێڕانی دەقێک دەدەن، ناتوانن هەمان هەست و سۆز بەدەست بهێنن، کە ئاخێوەرانی زمانی دایک/ سەرچاوە مەبەستیانە، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی دەربراوە چەسپاوەکان "Fixed expression"دا، چونکە زمانی بیانی/ دووەم بەهۆی جیاوازیی کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئەستەمە بەئاسانی لەگەڵ زمانی زگماک/ دایک بگونجێنرێت.) (Baker, 1992, 64)

لەو نێوانەدا، دەربراوە چەسپاوەکان دەرهاویشتەی لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتی زمانێکی دیاریکراون و واتایان پێشبینی نەکراوە و دەبێت بەهۆی ئەزمون و بەرکەوتنمان بەو لایەنانەی زمان و بەجیا فێریان ببین. بۆ نموونە ئیدیۆمێکی زمانی "باسکی" وەک (٣٤) :

34- Ez kendu babak altzotik.

بۆ کەسێک ئەگەر شارەزای لایەنی کولتوورو کۆمەڵایەتی ئەو زمانە نەبێت، ناتوانێت وەرگێڕانی دروست بۆ ئەم ئیدیۆمە بکات، چونکە بە واتای وشەیی واتە، (فاسۆلیا لە چەناگەت دەرمەهێنە.)یە، لە کاتێکدا واتا و مەبەستە سەرەکییەکەی ئەوەیە (بە ئەسپە بەرزەکەت مەنازە.) (Trask, 2007, 114). ئەوەش پەیوەندیی بە نیشانە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بۆیە پێویستە وەرگێڕ، پەیامی دەقی سەرچاوە، بە هەردوک لایەنی زمانی و نازمانییەوە بەڕونی بگوازێتەوە. هەر لەبەرئەوەیە وەرگێڕانی دەربراوە چەسپاوەکان، کارێکی ئاسان نییە، ((هەر زیادەڕۆییەک لە وەرگێڕانی مەتەڵ، پەند و ئەو جۆرە دەستەواژانە، ڕەنگ و بۆی کولتووریی زمانە بنەڕەتییەکە دەسڕێتەوە.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٣٩)و ئامانج و پەیامی دەقی وەرگێڕدراو، وەک خۆی بە خوێنەر ناگات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر سەرنجی نموونەکانی خوارەوە بدە:

٣٥- بەرە، هەر لە تەنکی دەدرێت. (نەهامەتی و بەدبەختی)

٣٦- شیرازەکەی پچڕاوە. (تێکچونی بارودۆخ)

٣٧- کەڵەشێری ناوەخت. (شومی و کارەسات)

٣٨- تۆم کرد بە جۆڵا، مەکۆم بدزی. (ناپاکی و فێڵکردن)

٣٩- مارە بە جاش. (مارەکرنی ناشەرعی)

بە سەرنجدان لە دەربڕاوە چەسپاوەکانی (٣٥ بۆ ٣٩) دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی بیرو تێڕوانینی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد نیشان دەدەن. لە نموونە (٣٥)دا، وشەی (بەڕە)، کە چنراوێکی تایبەت بە کولتووری کوردییە، لە کۆندا وەک ڕایەخێکی گرنگیی نێو ماڵ سەیرکراوە، بۆیە لە دەربڕوێکی چەسپاودا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئاماژەیە بۆ نەهامەتی و کارەسات، کە مرۆڤ خەم و کێشەیەکی هەیەو هی تریش ڕوی تێدەکەن. لە نموونەی (٣٦)دا، وشەی (شیرازە) دەبینرێت، کە ئەو پارچە پێستە خۆشکراوەیە، لە بنی (کەڵاشە) دەدرێت، وەک ڕاگرێک بۆئەوەی کەڵاشەکە لە خواربوون و هەڵگەڕانەوە بپارێزێت، بەڵام هەرکاتێک پچڕا، شێوەی (کەڵاشە) کە تێکدەچێت. وەک دەزانرێت کەڵاشەش چنراوێکی خۆماڵییە و تایبەتە بە کولتووری پیشەیی نەتەوەی کورد، بۆیە هەرکاتێک وەرگێڕێک بیەوێت ئەم دەربڕاوە وەربگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە، توشی ئاریشەی وەرگێڕان دەبێت، چونکە ئەم یەکە فەرهەنگییە، لە زمانێکی دیکەدا بە هەمان واتا و مەبەستەوە نادۆزێتەوە. لە نموونەی (٣٧)دا، (کەڵەشیر) وەک پێکهێنێکی دەربڕاوەکە، دەبینرێت، وەک دەزانرێت لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردیدا، بێجگە لە دەمی بەیانیان، هەرکاتێکی دیکە (کەڵەشێر) بخوێنێت، بە خوێندنی ناوەخت لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ئەوەش چەمکێکی نێگەتیڤی وەرگرتووەو، ئاماژەیە بۆ کارەسات و دەردوبەڵا، کە ئەوە لەوانەیە لای نەتەوەکانی دیکە شتێکی ئاسایی بێت، بۆیە گەیاندنی ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینە بۆ زمانێکی دیکە، وەک گرفتێکی وەرگێڕان دێتە بەردەمی وەرگێڕ. سەبارەت بە نموونەی (٣٨) وشەکانی (جۆلاو مەکۆ)ی تێدادەبینرێت، دیارە، کە جۆلایی وەک پیشەیەکی تایبەتی لە کولتووری کوردیدا بوونی هەیە، کە لەوانەیە لە هەندێک کولتووری دیکەدا نەبێت، بۆیە بەکارهێنانی لە دەربڕاوێکی چەسپاوی ئاوادا، سیمایەکی تایبەتی پێبەخشیوە، ئەوەش سنورداریتیی وەرگێڕانی لە زمانی کوردی بۆ زمانێکی دیکە، کە جیاوازیی کولتووری هەبێت، بۆ دروست کردووە. هەروەها دیاردەی (مارە بە جاش) وەک میتافۆرێک لە نموونەی (٣٩)دا، بەکاردێت، کە لە کۆندا دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی بووەو سیمایەکی نێگەتیڤی وەرگرتووە؛ ئەوەش لەوانەیە لەنێو نەتەوەیەکی دیکەدا، بوونی نەبێت، بۆیە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ دەستەوستان دەوەستێت، یان دەبێت پەنا بۆ ستراتیژ و ڕێگەکانی تری وەرگێڕان ببات. (بڕوانە: ٢/ ٣).

### ٢/ ٢/ ٢/ ٣/ ئاریشەی مێژوویی

زۆرجار بۆ تێگەیشتن لە واتای دەربڕاوێکی چەسپاو و لێکدانەوەی ((پێویستیمان بە زانینی پاشخانی مێژوویی هەریەکە لەم دەربڕاوانە هەیە.)) (عثمان، کانبی، ٢٠١٧، ٢٥٠)، چونکە ((چیرۆکێکی ئاڵۆز، یان ڕووداوێک لە پشتی واتاکەیەوەیەتی و ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەبووە لە ئێستای زماندا نەماوە.)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٥٤)، کە مەبەست لە پەیوەندیی واتای فەرهەنگیی دەربڕاوەکە لە بنەڕەتدا و گۆڕانی واتایی بە ئاڕاستەی یەکێک لە دەربڕاوە چەسپاوەکانە. بۆئەوەش پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە مێژو و فەرهەنگی زمانی سەرچاوە هەبێت، بۆئەوەی بتوانێت مەبەستی سەرەکی دەربڕاوەکە بگوازێتەوە بۆ زمانی ئامانج. ئەمە سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە ئەوەی لە پاشخانی مێژویی زمانی سەرچاوەدا هەیە، لە زمانی ئامانجدا بەردەست نەبێت، کە ئەوەش دیسانەوە دەبێتەوە ئاریشە. ئەمە بێجگە لەوەی تەمومژی و نادیاریی مێژو و چیرۆکی ڕودانی پشت دەربڕاوەکە، هەر لەنێو خۆی زمانەکەدا گرفتی لێکدانەوەو تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە، بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستیمان بە سەلیقەیەکی وردی مێژوویی و ڕیشەی ئەو دەربڕاوانە هەیە. بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:

٤٠- بوو بە خوێنی سیاوێشی. (ئاژاوە، زۆر گوتنەوە و نەبڕینەوەی شت)

٤١- گەیاندیانە مریشکەڕەشە. (تێکچونی پەیوەندی و بە بنبەست گەیشتن)

٤٢- کەوتە سەر ساجی عەلی. (ئیفلاسبوون و هەژاری)

بە دیقەتدان لە نموونەی (٤٠) ((بووە بە خوێنی سیاوێشی. لە فەرهەنگدا بۆ ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە، کە تیایدا سیاوێشی کوڕی کەیکاوسی دووەم، کە شای کەیانییەکان بووە لە ئێراندا، بە دەستی ئەفراسیابی شای تورکستان

کوژراوە، ئەوەش بووە هۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر، کە واتای ئیدیۆمی بە ئاژاوە و ناکۆکییەک، یان قسەیەک دێت، کە کۆتایی نەیەت و بیخایەنێت.)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٥٥)، لێکدانەوە و شیکردنەوە و تێگەشتن لە واتای ئەم دەربڕاوە پێویستی بە شارەزایی لە ڕوداوە مێژوییەکە هەیە، چونکە چیرۆکێکی دێرینی لە پشتەوەیە. هەروەها نموونەی (٤١) بە هەمان شێوە، چیرۆکێکی لە پشتەوەیە، ئەویش ئەوەیە: "جاران منداڵانی گوند، یان فەقێیەکان، کە لەلای مەلای گوند دەیانخوێند، کاتێک دەگەیشتنە کۆتایی و تەواودەبوون، وەک نەریتێک هەریەکەیان، لەپای تەواوبوون و بڕوانامە وەرگرتن، وەکو دەستودیاری مریشکێکی بۆ مەلا دەبرد." ئەم دیاردەیەش وەکو ئیدیۆمێک گواسترایەوە بۆ نێو زمانی ئاسایی ئاخێوەران، هەرکاتێک پەیوەندیی نیوان دوو کەس تێکدەچێت، یان بە بنبەست دەگات، دەڵێن: تەواو (گەیاندییانە مریشکەڕەشە.) واتە هیچ بوارێکیان بۆ ئاشتی تێدا نەهێشتووەتەوە. نموونەی (٤٢)ش، کە وەک دەربڕاوێکی چەسپاو بەکاردەهێنرێت، چیرۆک/ مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەویش ئەوەیە "شیعەکانی خوراسان/ کوردخانە، وەک نەریتێک ساڵانە لە مانگی ڕەمەزاندا، لەسەر ساجێکی گەورە خواردن ئامادە دەکەن، لەسەر نیازمەندی ئیمامی عەلی، دەیکەن بە خێر و دەیبەشنەوە بەسەر ماڵە هەژار و کەم دەرامەتەکان، بۆیە لەوێ هەرکەسێک توشی بەڵای هەژاری ببێت، پێی دەڵێن: کەوتە سەر ساجی عەلی. بەو واتایەی بەو نانە دەژی، کە دەکرێتە خێر." ئەوەش پێویستی بە شارەزایی وردی مێژویی پشت ئەو دیاردەیە هەیە، کە زمانەوان بیزانێت، بۆئەوەی لە کاتی وەرگێڕاندا، بتوانێت پەیامی دەربڕاوەکە، بگەیەنێتە خوێنەری زمانی ئامانج.

## ٢/ ٣/ ستراتیژ و چارەسەرییەکانی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان

پرۆسەی وەرگێڕان کردەیەکی سەختە، وەرگێڕ پەنا بۆ چەندین شێوازی جیاجیا دەبات، بۆئەوەی پەیامی دەقەکە وەک خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر بگەیەنێتە بەرانبەر، بۆئەوەش وەرگێڕی باش، پێویستە چەند تایبەتمەندی و لێهاتوییەکی تێدابێت، بۆئەوەی وەرگێڕانەکە زانستییانە و بابەتییانەبێت، ئەوەش خۆی لە چەند ستراتیژ و چارەسەرییەکدا دەبینێتەوە.

### ٢/ ٣/ ١/ توانستی زمانی

توانست و لێهاتوویی زمانی، بنەمایەکی گرنگیی وەرگێڕانە، بۆیە پێویستە وەرگێڕ بەر لە هەرشتێک لە واتای دەقی زمانی سەرچاوە تێبگات، چونکە ((ئاشکرایە لە هەموو زمانێکدا، کەرەستە فەرهەنگییەکان و بوارە واتاییەکان و پێکهاتەی ڕێزمانی نێوانیان جیاوازن و هاوتا نەبوونیان لەگەڵ یەکتردا، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا.)) (مستەفا، ٢٠٠٩، ٣١). بەم پێیە ناکرێت (پشت بە وەرگێڕانی وشە بە وشە ببەسترێت، چونکە دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی دەقە وەرگێڕدراوەکە، لەبەرئەوەی زمانی ئامانج بەتەواوی پشتگوێ دەخات، بەتایبەتی ئەگەر زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج سەر بە دوو خێزانە زمانی جیاوازبن، جیاوزییەکە بە تەواوی ڕەنگدەداتەوە و هەستی پێ دەکرێت.) ( Ghazala, 1995, 5).

لەبەرئەوە توانستی دووزمانی "Bilingual Competence" وەرگێڕ، ئاماژەیە بۆ ((شارەزایی تەواوی وەرگێڕو ئاشنایەتی بە وشە و زاراوەی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم، هەروەها دەستڕاگەیشتنی بە فەرهەنگی زمانی، تا بەرانبەر بە هیچ وشە و زاراوەیەکی نامۆ دۆشدانەمێنێت.)) (قەرەداغی، ٢٠٢٢ ٣٠٦)، ئەوەش ڕەنگدەداتەوە لە بەرهەمی وەرگێڕدا، کە خۆی لە کارامەیی نوسیندا دەبینێتەوە، چونکە شارەزابوون لە هەردووک زمان وا دەکات، بەرهەمێکی باڵا بە زمانێکی پاراو پێشکەش بکات.

### ٢/ ٣/ ٢/ شارەزایی کولتووری و مێژویی

بە تەنها شارەزابوون لە هەردوک زمان بەس نییە بۆ وەرگێڕانێکی باش، چونکە وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بێجگە لە پێکهاتە زمانییەکان، پێکهاتە نازمانییەکانیش تێکەڵ بە پێکهاتە سەرەکییەکەی زمان دەبن. ((هۆمبۆڵت، پێیوایە زمانە جۆراوجۆرەکان، تەنها لە دەنگ و هێماکاندا جیاوازنین، بەڵکوو لە جیهانبینییەکانیشیاندا جیاوازن.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٠٢). واتە جیاوازییە کولتووری و مێژوییەکان، لە وشە و دەربڕاوەکانیاندا ڕەنگدەدەنەوە؛ بۆیە بەپێی تیۆری (لۆتمان-

Theory lotmanهیچ زمانێک ناتوانێت ببێت، ئەگەر بە دەوروبەری کلتورییەوە بەند نەبێت.) (ئەحمەدو ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٣٣١).

لەبەرئەوە یەکێک لە چارەسەرییەکانی ئاریشەکانی وەرگێران، ((خوێندنەوە و شارەزابوونە لە کولتووری زمانی سەرچاوە و پەیداکردن و دەوڵەمەندکردنی لایەنی زمانی،)) (حمد، ٢٠٢١، ٣٠٢) و گرێدانەوە و پەیوەستکردنی بە زمانی ئامانجە، بەجۆرێک لە دەقە وەرگێردراوەکەدا، هەست بە کەلێن و ناڕوونی نەکرێت؛ چونکە ((وەرگێرانی باش ئەو وەرگێڕانەیە، کە لە وەرگێڕان نەچێت.)) (ئەحمەد، ٢٠٢١، ٢٣٣)، ئەوەش پەیوەستە بە شارەزایی وەرگێڕ، لە کولتوور و مێژووی هەردوک زماندا. تەنانەت هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە وەرگێران ((لەو زمانانە ئاسانترە، کە سەر بە یەک خێزانی زمانین، ئەمەش بۆ نزیکیی کولتووری و ژیاری دەگەڕێتەوە.)) (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٢٤٠). بە پێچەوانەوە هەتا زمانەکان لە رووی خێزانە زمانییەوە لە یەکتر دوربکەونەوە، ئەوا لە رووی کولتووریشەوە لە یەکتر دوور دەکەونەوە؛ ئەوەش دەبێتە ئاریشەیەکی گەورەتر بۆ وەرگێڕ، بۆ نموونە لە کولتووری کوردیدا لە کاتی دانانی پرسە و مەراسیمی پرسەدا، وەک ئاماژەیەک بۆ خەم و پەژارە، جلوبەرگی رەش، یان نیلی دەپۆشین، بە پێچەوانەوە لە کولتووری هیندیدا رەنگی سپی دەپۆشن، ئەوەش پەیوەستە بە دنیابینی ئەو دوو نەتەوەیە بۆ پرسە و خەم و دڵتەنگی، کە پێویستە وەرگێڕ درک بەو جیاوازییانە بکات، ئەوەش بە تەواوی لە دەربڕاوە چەسپاوەکاندا هەستپێدەکرێت. بۆ نموونە لە کولتووری کوردیدا، دەڵێین:

٤٣- ڕێوی بەپیرەوە هاتووە. (خۆشبەختی)

هەرکاتێک (ڕێوی) روی لە دەرگای هەرکەسێک کرد، ئاماژەیە بۆ خۆشبەختی و دەوڵەمەندی، کە ئەوە لەوانەیە لە کولتوورێکی وەک هیندی، یان ئینگلیزیدا هیچ واتایەکی نەبێت. یان لە کلتوری عەرەبیدا، ئاژەڵێکی وەک (حوشتر) نیشانەی رێز و پیرۆزییە، بە پێچەوانەوە لە کولتووری هیندیدا، ئەو پیرۆزییە بە (مانگا) دراوە، کە لەلای کورد و عەرەب، واتایەکی ئاسایی هەیە. ئەوەش دەوەستێتە سەر توانای وەرگێڕ و شارەزایی لە کولتوورە جیاوازەکان، بۆئەوەی شاکارێکی جوان پێشکەش بکات.

### ٢/ ٣/ ٣/ شارەزایی لە دەربڕاوە چەسپاوەکانی هەردوک زماندا

هەر زمانێک دەربڕاوە چەسپاوەکانی مۆرکی میللی و نەتەوەیی ئەو میللەتەیان هەڵگرتووە. بۆ وەرگێرانێکی کاریگەر و تەواوو پڕاوپڕ بە دەقە سەرەکییەکە، یەکێک لە ستراتیژەکان ئەوەیە، کە وەرگێڕ شارەزاییەکی باشی لە دەربڕاوە چەسپاوەکانی هەردوک زماندا، هەبێت. ئەوەش دەوەستێتە سەر تواناو دەستپێڕاگەیشتنی وەرگێڕ و درکپێکردنی لە زمانی سەرچاوە و پەیکاڵبوون و دۆزینەوەی هاوواتا لە زمانی ئامانجدا؛ ئینجا سەرەڕای ئەوەی هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام هەندێکجار دەربڕاوێک لە زمانی ئامانجدا بە هەمان واتا و فۆرمەوە دەست دەکەوێت و وەرگێڕ دەتوانێت لەبری زمانی سەرچاوە، بیخاتە نێو دەقەکەوە، کە بە (هاوتابوونی شێوە/ فۆرم ناسراوە، چونکە پەیوەندیی فۆرمی لەنێوان دەقی زمانی سەرچاوە و ئامانجدا هەیە.) (قاسم، رجب، ٢٠٠١٨، ٥). بڕوانە نموونە هاوبەشەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی، کوردی و فارسی لە (٤٤ بۆ ٥٥)، کە دەتوانرێت بە هەمان فۆرم و واتاوە لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن.

44- Like a fox.

٤٥- دەڵێی رێوییە .

46- in a pun. (Vanden broeck Raymond: 1981: 75- 76).

٤٧- قسەی زل.

48- Honeymoon (Booij, 2005, 82).

٤٩- مانگی هەنگوینی

50- I have put all my eggs into on basket. (Crystal, 2008, 236).

٥١- هەموو هێلکەکانم، خستۆتە سەبەتەیەکەوە. (واتای میتافۆری)
52- No smoke without fire. (شارەزا، ١٩٨٣، ٢٦).
٥٣- ئاگر، بێ دوکەڵ نابێ.
٥٤- (بی چشم و رو/ فارسی
٥٥- بێ سەر و چاڤ/ بێ چاو و ڕو) (قاسم، رجب، ٢٠١٨، ٥).

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٤٤ بۆ ٥٥) بدەین، دەبینین هاوبەشی هەردوک زمانی کوردی و ئینگلیزی، کوردی و فارسی، لەو دەربڕاوانەدا نیشان دەدات، کە وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەتوانێت وەک هاوواتا لەبڕی یەکتر بەکاریانبهێنێت. بۆ نموونە میتافۆرێکی وەک (٤٤)ی، زمانی ئینگلیزی لە بەرانبەریدا، بە هەمان واتا و فۆرمەوە لە زمانی کوردیدا، لە نموونەی (٤٥)دا، بەردەستە و هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنێت، چونکە لە هەردووک زماندا، سیمای واتایی [+فێڵباز] بە (ڕێوی) دراوە، وەک سیمایەکی میتافۆری، بۆ مرۆڤ گواستراوەتەوە. بێگومان ئەم هاوبەشی و هاوواتاییە بۆ نموونەکانی دیکەی هەردوک زمان، هەر هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت. وەک نموونەی (٤٦ بۆ ٤٧، ٤٨ بۆ ٤٩، ٥٠ بۆ ٥١، ٥٢ بۆ ٥٣، ٥٤، بۆ ٥٥.)

لەلایەکی دیکەوە، مەرج نییە بە هەمان فۆرمی زمانی سەرچاوە، بتوانین نموونەیەک لە زمانی ئامانجدا بدۆزینەوە، بەڵام ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی لە دەربڕاوە چەسپاوەکانی هەردوک زماندا هەبێت، دەتوانێت دەربڕاوێک لە زمانی ئامانجدا بدۆزێتەوە و وەک هاوواتا لەبری ئەو بەکاریبهێنێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، بۆ بیرێکی وەک (بارانی بەخوڕ) بە دەربڕاوێکی وەک، (٥٦) ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵام بۆ هەمان بیر، لە زمانی ئینگلیزیدا، بە ئیدیۆمێکی وەک (٥٧) ئەو بیرە دەگەیەنرێت.

٥٦- شەستە باران
57- raining cats and dogs. (پشیلە و سەگ، دەبارێت). (بالمر، ١٩٨١، ٩٣).

یان لەبری دەربڕاوێکی چەسپاوی وەک (٥٨)ی، کوردی هەمان بیر لە زمانی ئینگلیزیدا، بە هەمان واتا و چەمکەوە لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا بەدیدەکرێت، بەڵام بە فۆرمی جیاوازەوە، وەک لە نموونەی (٥٩)دا، دیارە.

٥٨- هەرچی سمێڵی سوربوو، هەمزاغا نییە.
59- all that glitters is not gold. (هەرچی درەوشایەوە زێڕ نییە.) (Dictionary Cambridge.org).

ئەمە وەنەبێت، ئەم هاوبەشییە تەنها لەنێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هەبێت، بەڵکوو ئەمە لەنێوان زمانەکانی ئینگلیزی و یابان-یش، دەبینرێت، بۆ نموونە، پەندێکی وەک، (٦٠)ی، زمانی ئینگلیزی، بە هەمان واتا و بیرەوە، وەک هاوواتا دەتوانرێت، لەبری پەندەکەی زمانی یابانی (٦١) بەکاربهێنرێت. ئەوەش دەوەستێتە سەر توانای وەرگێڕ، کە درک بەو جۆرە دەربڕاوانە بکات.

60- an old ox plows makes a straight furrow. (گای پیر، خەتە جوتەکانی ڕاستن.)
61- an old horse does not forget his path. (ئەسپی پیر، ڕێگای خۆی لەبیر ناکات.) (Unseth, 2014, 457).

### ٢/ ٣/ ٤/ لێکدانەوە و داڕشتنەوە

سەرەڕای ئەوەی دەربڕاوە چەسپاوەکان، پێکهاتەیەکی تەواو چەسپاو و جێگیریان هەیە، زۆر بەکەمی بواری تێئاخنین و جێگۆڕکێ بە پێکهێنەرەکانیان دەدەن، بەڵام هەندێجار لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، ((ئەگەر دەقێک، فرێزێک نەتوانین بەشێوەیەکی هاوسەنگ وەریبگێڕین، دەتوانین بە ڕێبازی لێکدانەوە واتاکەی دەستنیشانبکەین.)) (ڕەشید، کریم، ٢٠٢٢، ٥٥٠)، چونکە وەرگێران (بەتەواوی لەخزمەتی واتادایە، داڕشتنەوە و لێکدانەوەش خزمەتی واتا دەکات، چونکە لە

کۆتاییدا دەق بەرهەمدەهێنین، ئەوەش پەیوەندیی بە کۆی یەکە پێکهێنەرەکانی زمانەوە هەیە.) (Ghazala, 1995, 3).
واتە وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان، بە ڕێگای لێکدانەوەو دارشتنەوە، یەکێکە لە چارەسەری و ستراتیژییەکانی وەرگێڕان و ((گرنگیدان بە دارشتنەوەی دەقەکە لە زمانی ئامانجدا لەپێناو گەیاندنی دەقێکی زیندووە بە وەرگر.)) (مستەفا، ٢٠٠٩، ٢٨).

ئەوەش دەربڕینی بیرە سەرەکییەکەیە، بەشێوەیەکی فراوانتر بەهۆی وشە و دەستەواژەی زمانی ئامانج، کە لە ڕووی ژمارەی وشە و ڕستەوە لەوانەیە لە دەقە سەرەکییەکە درێژتربێت، چونکە پێویستی بە شیکردنەوەی زیادترە.

### ٢/ ٣/ ٥/ سڕینەوە

زۆرجار لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ توشی دۆخێکی ناهەموارو چەقبەستو دەبێت و ناتوانێت دەربڕاوەکە وەربگێڕێت، یان هاوواتای لە زمانی ئامانجدا بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە بەناچاری توشی دیاردەی وەرنەگێڕی دەبێتەوە، کە ((تیایدا وەرگێڕان بە بنبەست دەگات؛ ئەمەش بۆ ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییە زمانی و کولتوورییانە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان زمانی سەرچاوەو مەبەست/ ئامانجدا هەیە.)) (عثمان، کانبی، ٢٠١٧، ٢٣٨)، بۆیە ئەم ڕێگری و سنورداریتییە وایکردووە، کە ((بیرۆکەی دژە وەرگێڕان لای هەندێ کەس سەرهەڵبدات.)) (حمد، ٢٠٢١، ٢٩٨)، بەڵام بۆ چارەسەری ئەم دۆخەش، "نیدا" ((پێشنیازی هەندێ تەکنیکی لە وەرگێڕاندا کرد، کە بریتین لە زیادکردنەکان و سڕینەوەکان و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ لە هەردوک زماندا.)) (بەکر، ٢٠٢١، ٢٢٢). سڕینەوەی دەربڕاوە چەسپاوەکانیش، لەبارێکدا ڕێپێدراوە، کە وەرگێڕ گەیشتبێتە بنبەست، بە مەرجێک واتای دەقەکە بپارێزێت و نەبێتە هۆی شێواندنی، یان کەموکورتی لە پەیامی دەقەکەدا.

## ئەنجام

١- ئاریشەکانی وەرگێڕان، تەنها لە ئاستی وشەدا نین، بەڵکوو لە سەرووی ئەوەش فریز، ڕستە، هەروەها دەربڕاوە چەسپاوەکانیش لەو یەکانەن، کە ئاریشەدارترین یەکەی زمانین، بەهۆی پلەی چەسپاوی و نادارشتەییان، کە هۆکارن بۆ لێڵی واتایان، بۆیە هەتا زمانی سەرچاوە و ئامانج لە ڕووی خێزانە زمانییەوە لە یەکتر دووربن، لە ڕووی پێکهاتە زمانی و نازمانییەکانیشەوە لە یەکتر دوورتر دەکەونەوە، هەتا دورتریش بکەونەوە، ئاریشەکان زیاترن.

٢- ئاریشە زمانی و نازمانییەکان هاوتەریبن، واتە وەکوو دوو ئاریشەی هاوتا دێنە بەردەمی وەرگێڕ و هیچیان لەوی دیکەیان کەمتر نییە.

٣- لە هەموو زمانەکاندا کۆمەڵێک یەکەی زمانی وەک، وشە و لێکسیمی فەرهەنگی هەن، کە ناتوانرێت وەربگێڕدرێن، ئەوەش وەرنەگێڕێت، یان سنورداریتیی وەرگێڕان دێنێتە کایەوە.

٤- سەرەرای جیاوازیی زمانەکان، لەپێکهاتە زمانی و نازمانییەکاندا، بەڵام چەندین نموونەی هاوبەشی دەربڕاوە چەسپاوەکان لەنێوانیاندا هەیە، کە دەتوانرێت وەک هاوواتا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، چونکە دنیابینی و تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ هەندێک دیاردە و ڕووداو وەکو یەکە.

٥- زۆرجار لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، فەرهەنگی زمانی ئامانج دەرەقەتی زمانی سەرچاوە نایەت، بۆیە وەرگێڕ پەنا بۆ ڕێگەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەربڕاوەکان دەبات و لەڕێگەی دەوروبەرەوە دەتوانێت پەیامی دەقەکە بگەیەنێت، چونکە دەوروبەر دەرخەری واتای دەربڕاوەکانە، ئەوەش بەهۆی جیاوازیی لە دەوروبەری کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئایینیەوەیە.

٦- سڕینەوەی دەربڕاوە چەسپاوەکان، وەک چارەسەرییەک، کاتێک وەرگێڕ پەنای بۆ دەبات، کە گەیشتبێتە بنبەست، بە مەرجێک واتای گشتیی دەقەکە بپارێزێت و نەبێتە هۆی شێواندنی دەقەکە.

## سەرچاوەکان:


به كوردی

– ئەحمەد، بێستون حەسەن، ٢٠١٢، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

– ئەحمەد، بێستون حەسەن، ٢٠١٨، لێکدانەوەی سیمانتیکیی و پراگماتیکیی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

– ئەحمەد، بێستون حەسەن، ٢٠٢٠، دابەشبوونی دەربڕینە چەسپاوەکان لەڕوانگەی دوروبەری واتایی و دەرونیەوە پەند وەک نموونە، مجلە جامعة التنمیە البشریة، المجلد ٦، العدد واحد.

– ئەحمەد، تریفە عومەر، سەعید، سازان زاهیر، ئەحمەد، نەرمین عومەر، ٢٠١٨، ستراتیژەکانی وەرگێڕانی میتافۆڕ لە کوردی- ئینگلیزیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە پازدە.

– ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– ئۆستینۆف، میشل، ٢٠١٧، وەرگێران، وەرگێڕانی فەرشید شەریفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

– احمد، عبدلباقی اکرام، ٢٠١٢، واتاو مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

– بەسیر، کامیل حەسەن، ٢٠١٣، بەراوردییەک لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– بەکر، سەلام ناوخۆش، ٢٠٢١، گۆڕانکاریی زمانەوانی و کلتووری لە وەرگێڕاندا، بە نموونەی وێرانە خاکی تی ئێس ئیلیەت، چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن، زانکۆی سۆران.

– حمد، شیروان حسین، ٢٠٢١، سنووردارێتیی وەرگێڕانی نموونە لە بابەتە زمانەوانییەکاندا، چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن، زانکۆی سۆران.

– حاجی مارف، ئەوڕەحمان، ١٩٧٥، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

– حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

– خاڵ، شێخ محەمەدی، ١٩٦٩، پەندی پێشینان، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

– دبیان، ابو محمد عمر، ٢٠١١، وەرگێڕان و بزوتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا، وەرگێڕانی قادر وریا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان.

– دزەیی، عبدالواحد مشیر، ٢٠٢١، پراگماتیک و وەرگێڕانی ئەلکترۆنی لە پەندی پێشیناندا، چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن، زانکۆی سۆران.

– ڕەسوڵ، شوکریە، تەقی، جەلال، ١٩٨٤، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، چاپخانەی الادیب، هەولێر.

– ڕەشید، حنان صالح، کریم، عومەر مەحمود، ٢٠٢٢، وەرگێڕان لەنێوان توانست و چالاکی زمانیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی نۆیەم، ژمارە دوو.

– ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، بڵاەکراوەکانی ئاراس، ژمارە ٩٧٤.

– رشید، فؤاد صالح، ٢٠٢٤، ڕەهەندی ئەرگۆمێنتی لە بونیادی پەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی بیست و هەشتەم، ژمارە چوار.

– سەعید، سازان زاهیر، ٢٠١٩، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– شارەزا، کەریم، ١٩٨٣، پەندی بەراورکاری لەنێوان ئینگلیزی و عارەبی و کوردی، چاپخانەی سمیر امیس.

– عەلی، بەکر عومەر، ٢٠٠٠، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

– عەبدوڵا، دلێر قادر، ٢٠٢٢، گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

– عەبدوڵا، ڕۆژان نوری، ٢٠٢٢، میتافۆڕ لە شیعردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

– عثمان، علی حمد، کانبی، دلێر صادق، ٢٠١٧، وەرنەگێری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زمانی دایک.

– فتاح، محمد معروف، ١٩٨٦، دیسان ئیدیەم پێداچونەوەیەک لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی پازدەهەم، بەغدا.

– فتاح، محمد معروف، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– قەرەداغی، بەهات حەسیب، ٢٠٢٢، تەکنیک و ڕەهەندەکانی وەرگێڕان لە بواری میدیادا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی نۆیەم، ژمارە سێ.

– قاسم، هدی عبدالقادر، رجب، سلیمان اسماعیل، ٢٠٠١٨، ئستراتیجیەتا وەرگێرانا ئیدیۆمان دناڤبەرا زمانێ کوردی و فارسیدا، گوڤارا زانکویا دهوک، پەربەندا ٢١، ژمارە ٢.

– فەرەج، هۆگر مەحموود، ١٩٩٣، بوارە واتاییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

– گەردی، عەزیز، ١٩٧٨، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

– مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٩، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

– مستەفا، پەروین عوسمان، ٢٠٠٩، واتا و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– مەحویی، محەمەد، ٢٠١٠، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی.

– محمدامین، محمد قادر، ٢٠٢١، لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی

ڕاپەڕین.
– محمدامین، محمد قادر، ٢٠٢٤، بەلێکسیمبونی فریزی هەڵگەڕاوە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی یازدەهەم، ژمارە دوو.

**بە زمانی عەرەبی**

– بالمر، أف. أر، ١٩٨١، علم الدلالة، ترجمة مجيد الماشطة، كلية الاداب، جامعة المستنصرية.
– بشر، كمال، ٢٠٠٠، علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، قاهرة.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Booij. Geert, 2005, The grammar of Words, first published, published in the United States, by Oxford university press In New York.
- Baker. Mona, 1992, In other Words, First published, by Routledge, published in USA and Canada.
- Bartels. Nat, 2005, Applied Linguistics and Language Teacher Education, volume fourth, Business Media, Inc.
- Crystal. David, 2008, Dictionary of linguistics and Phonetics, Sixth edition, Black Wall Publishing Ltd.
- Catford, J. C.:1965: A linguistic theory of translation, First published, Oxford University press.
- Christopher. Gledhill, 2011, The Lexicogrammar approach to analyzing phraseology and collocation in ESP texts, open Edition Journals.
- Ghazala. Hassan, 1995, Translation as Problems and Solutions, First published, Dar El-m Lilmalayin.
- Katamba. Francis, 1993, Morphology, first published in the United States of America.
- Lyons. John, 1996, Linguistic semantics, Cambridge university press.
- Unseth. Peter, 2014, Introduction to paremiology A comprehensive guide to proverb studies. Ed. By Chrisztova.
- Schwartz, Lane, 2016, The History and promise of Machine, University of USA .
- Trask. R.L, Language and Linguistics- the Key Concepts, Second Edition, the edition published by Routledge.
- Van Den Broeck. Raymond, 1981, The Limits of translatability Exemplified by Metaphor Translation, Duke University press.
- Yule. George, 2010, The Study of Language, Fourth edition, printed in the United Kingdom at the university press Cambridge

**ئینتەرنێت**

- https://www.almahany.comالمعانی:
- https://oxfordlearnersidictionaries.com

## اشكالية ترجمة العبارات الثابتة في اللغة الكردية

**محمد قادر محمدامين**
معهد رانيه للكمبيوتر ، المديرية العامة المعاهد، وزارة التربية، أربيل
muhamad.qadr2016@gmail.com

**الملخص**
عنوان البحث (اشكالية ترجمة العبارات الثابتة في اللغة الكردية.) هدف البحث، محاولة لعرض الاشكاليات التي تواجه المترجم اثناء ترجمته للتعابير الثابتة امثال ( المفاهيم المجازية، عبارة أصطلاحية، والامثال الشعبية.) مشكلة البحث مبنية على اساس كيفية تعامل المترجم مع المفاهيم الثابتة خلال عملية الترجمة ، لان الهدف من الترجمة هو تعادل لغة المصدر مع لغة المراد توصيلها. وهدف البحث، هو بمجارات عرض الاشكاليات، الوصول الى الحل و المعالجات الستراتيجية وبالاخص معالجة عراقيل ترجمة تلك المفاهيم. وسيلة البحث عبارة عن اطار اللغة الكردية، الكرمانجة الوسطى. و الامثلة والمعلومات الواردة ماخوذة عن لغة الناس في حياتهم اليومية. و لتوضيح اكثر او عرض الامثلة المتشابهة، نستعين بلغات اخرى كالانجليزية واليابانية والصينية. ومن اهم نتائج البحث، ان اشكالية الترجمة لاتقتصر فقط على الكلمات، وانما تمتد الى العبارات والجمل ثم التعابير الثابتة. و كلما تباعدت اللغات بعضهما عن البعض، زادت الاشكاليات بينهما اكثر.

**الكلمات المفتاحية:** ترجمة، العبارات الثابتة، اشكالية، المعالجة

## Problems of Translating Fixed Expression in Kurdish Language

**Muhamad Qadr Muhamadamin**
Computer Institute of Ranya, General Directorate of Institutes,
Ministry of Education, Erbil
muhamad.qadr2016@gmail.com

**Abstract**
This research is entitled (Problems of Translating Fixed Expression in Kurdish Language.) It's an attempt to clarify all the problems that a translator face, in the process of translating Fixed expressions such as (metaphor, Idiom and proverbs.) The research problem is based on the assumption of how translator deals with fixed expression during the process of translation, because translation is an equivalence of source Language pattern to aimed language. The aim of the research is with showing of pointing out of the problems of linguistic and nonlinguistic, to presents the solving and strategies, as a finding of a solution in the process of translating fixed expressions. The material of the research is in the field of the central kurmaji of Kurdish language. The examples and data of the research is derived from people’s daily language, although sometimes for the purpose of Clarification and giving advice and Comparison, it uses examples of languages like, English, Japanese and chines. One of the most important results of this research is that the problems of the translation not only in the word level, but beyond that the phrase and the sentence and fixed expression are included. also, the farther two languages are apart in term of linguistic family, they have more problems .
**Keywords**: Translation, fixed expression, problems, solve